زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی ئاداب
بەشی کۆمەڵناسی ئێواران

# چاکسازی تاوانباران

## قۆناغی چوارەم

### کۆرسی دووەم

---

وانەبێژ:

**روستم صابر مصطفی**

**rostam.mustafa@su.edu.krd**

# پێداویستییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا

أ: پێداویستییە ناوەکییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا

- ئامانجی سەرەکی سزای زەوتکردنی ئازادی لە سەردەمی ئەمڕۆ چاکساری بەندکراو و ڕاهێنانیەتی
- لە ماوەی بەندکردنی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ژیان دوایی جێ هێشتنی بەندیخانە بە دەروون و بەهایەکی کۆمەڵایەتی بەرزەوە
- بەتوانایەکی جەستەیی و عەقڵی گونجاو، تا بتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی و توانای هەڵگرتنی لێپرسراویەتی و ڕێزی یاساشی هەبێت
- بۆئەوەی بەندیخانە توانای هەبێت بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەو ئامانجانەی سەروو جێبەجێ بکات
- پێویستی بە بوونی کۆمەڵێك لە پڕۆگرام یان شێوازی مامەڵەی چاکسازییە
- وەك خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پرۆگرامی فێربوون و پڕۆگرامی ئاینی و ڕەوشتی و کارکردن و پڕۆگرامی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە و پڕۆگرامی سزاو پاداشت

# یەکەم: پرۆگرامی پێشوازی (پشکنین- پۆلێنکردن):

- ❖ پشکنین:
- ❖ تاوان بەرهەمی فاکتەری ناوەکی و دەرەکییە
- ❖ جێبەجێکردنی سزا مەبەستی ڕاهێنانی بەندکراوە لە ڕێگای نەهێشتنی فاکتەرەکانی تاوان
- ❖ پێویستە گشت بەندکراوان پشکنینیان بۆ بکرێت بەمەبەستی ئاشکراکردنی هۆکارەکانی تاوانکردن و ڕێگاکانی ڕاهێنان و چاکسازی
- ❖ پێناسەی پشکنین: توێژینەوەیەکی زانستییە بۆ کەسایەتی بەندکراو لە هەموو لایەنە تاوانکاریە جیاوازەکانی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك زانیاری کە ڕێگا دەدات بەجێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، واتا پشکنین ڕێگە خۆشکەرە بۆ دەستنیشانکردنی پرۆگرامی چاکسازی کە ئامانجەکەی لابردنی مەترسی بەندکراوە لەسەر کۆمەڵگا و، هەروەها گەشەکردن بەتواناکانی ڕاهێنانی و ئامادەکردنی بۆ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا.
- ❖ پشکنین دەستنیشانی ڕادەی شیاوی بەندکراو دەکات بۆ ئازادکردنی مەجدار
- ❖ ئاشکراکردنی کێشە و گرفتەکانی بەندکراو و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و، چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی مەرجێکە بۆ جێگیری بەندکراو و وەڵامدانەوەی بۆ پرۆگرامەکانی چاکسازی

# جۆرەکانی پشکنین

١/ پشکنینی پزیشکی: ئەو جۆرە پشکنینە ئاراستەی باری تەندروستی بەندکراو دەکرێت لەلایەنی جەستەیی و عەقلی و دەروونی؛ بۆ ئاشکراکردنی ئەو نەخۆشیانەی ئەگەری لێدەکرێت ڕۆڵیان بینیبێت لە دروستبوونی تاوانەکان و لەهەمانکات بەربەستێك دەبن لە بەردەم ڕێگاکانی ڕاهێنان لەدوا ڕۆژ ئەگەر بەشێوەیەکی چاك چارەسەر نەکرێت

جۆرەکانی پشکنینی پزیشکی

أ- پشکنینی بایلۆجی: مەبەست لەم پشکنینە پزیشکییە گشتییەیە کە بۆ بەندکراو دەکرێت بۆ ئاشکراکردنی سروشتی جەستەی بەندکراو و ڕادەی لەش ساغی و وەسفکردنی نەخۆشییەکان؛ ئەگەر بوونی هەبوو لەگەڵ دانانی ڕێگای چارەسەرکردنیان،

ئەو جۆرە پشکنینە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ دەستنیشانکردنی پرۆگرامی مامەڵەی چاکسازی، بۆچی؟؟؟؟

چونکە لەلایەکەوە ئاشکرای ئەو نەخۆشییە جەستەیی و ئۆرگانیانە دەکات کە بەربەست دەبن لە بەردەم ڕێگاکانی ڕاهێنان؛ جا هەوڵ و کۆششەکان ئاراستە دەکرێت بۆ چارەسەرکردنیان... چیتر؟؟؟

لەلایەکی دیکەوە ئاشکرای تایبەتمەندییە تەندروستیەکانی بەندکراو دەکات کە ڕەنگە پێویستی بەجۆرێکی تایبەت بێت لەمامەڵەکردن، یان ئاراستەی دەزگایەکی تایبەتمەند بکرێت بۆ نەخۆشیەکەی یان پێویستی بە جۆرێکی تایبەت بێت لە کارکردن.

ب- پشکنینی عەقلی: ئەم جۆرە پشکنینە ئاراستەدەکرێت بۆ ئاشکراکردنی باری عەقڵی و ئاستی ژیری و زیرەکی بەندکراو....

گرنگی ئەو پشکنینەش لەوەدایە کە گونجانێك دروست دەکات لەنێوان توانای عەقڵی بەندکراو و ئەو شێوازانەی مامەڵەی چاکسازی کە بۆی دادەنرێت

ڕەنگە ڕەوانەی دەزگایەکی تایبەت بکرێت

ئەو جۆرە پشکنینە لەسەردەمی ئەمرۆ گرنگیەکی زۆری هەیە لەبەر پێشکەوتنی ڕۆڵی پزیشکی عەقلیەوە، چونکە ڕۆڵەکەی تەنیا چارەسەرکردنی نەخۆشییە عەقلییەکان نییە، بەڵکو دەستنیشانکردنی شێوازی مامەڵەی چاکسازییە کە پەیوەندی بەتوانای عەقڵی بەندکراو هەیە

پسپۆری دەنیمارکی (ستڕۆپ)دەڵێ ڕۆڵی پزیشکی عەقڵی سەبارەت بە بڕیارلەسەردروان توێژینەوەی توانای ڕاهێنان و چۆنیەتی گەشەکردنی

ج- پشکنینی دەروونی: ئەو پشکنینە توانای ئاشکراکردنی ئەگەری ئەو نەخۆشییە دەروونیانەی هەیە کەتوشی بەندکراو دەبن

ڕێ لە ڕێگایەکانی چاکسازی و چارەسەرکردنیان دەگرن، لەهەمانکات ڕەنگە ڕۆڵیان بینیوە لە دروستبوونی تاوانەکە، کە پێویستە چارەسەر بکرێت.. بۆچی؟

چونکە چارەسەرکردنیان دەبێتەهۆی لابردنی مەترسی تاوانی لە کەسایەتی بەندکراو لەلایەکەوە، نەهێشتن و لەناوبردنی فاکتەرەکانی گەڕانەوە بۆ تاوان لەلای تاوانبار لەدواڕۆژ لەلایەکیترەوە.

# ٢/ پشكنینی كۆمەڵایەتی

✓ بریتییە لەتوێژینەوەی ژینگەی كۆمەڵایەتی تاوانبار بەتایبەتی پەیوەندییە خێزانیەكانی، جا ئەو پەیوەندییە لەگەل باوكی بێت یان دایكی یان براو كەس و كاری بێت، هەروەها بارودۆخی لەناو ناوەندە كۆمەڵایەتیەكەی كەتیایدا ژیاوە و پەیوەندی بەهاوەڵەكانی لەشوێنی كاركردندا و ئاستی ئابووری و پلە كۆمەڵایەتی و لایەنە ڕۆشنبیرییەكەی...

**ئامانجی پشكنینی كۆمەڵایەتی چییە؟**

١) ئاشكراكردنی ئەو فاكتەرە كۆمەڵایەتیانەی ڕۆڵیان بینیوە لەدروستبوونی تاوانەكە.

٢) ئاشكراكردنی توانای ئاوێتەبوونی بەندكراو و دووبارە گونجانی كۆمەڵایەتی لەگەڵ كۆمەڵگا.

٣) هەوڵێك بۆ گەیشتن بە دیاركردنی ئەو گرفتە كۆمەڵایەتییانەی كە بەندكراو پێوەی دەناڵێنێت و چارەسەركردنیان، كە چارەسەركردنی مەرجێكە بۆ جێگیری دەروونی لەكاتی جێبەجێكردنی سزایی زەوتكردنی ئازادی.

# ٣- پشكنینی ئەزموونی:

- ✓ ئەو پشكنینە، توێژینەوەیەكە دەستەی كارگێری ئەنجامی دەدات لەڕێگای تێبینی هەڵسوكەوت و ڕەفتاری بەندكراو؛ لەكاتی جێبەجێكردنی سزای زەوتكردنی ئازادی بەتایبەتی هەڵوێستی بەندكراو بەرامبەر بە دەستەی بەڕێوەبردن و پەیوەندی بەبەندكراوەكانی دیكەو، ڕادەی پابەندبوونی بە ڕێسا و یاساكانی بەندیخانە و ئەو پرۆگرامانەی كە بۆی دەستنیشانكراوە.

## قۆناغەكانی پشكنین:

**قۆناغی یەكەم:** قۆناغی دابرانی بەندكراوە یان جیاكردنەوەیەتی لە بەندكراوەكانی تر و دانانی لە ژوورێكی بە تەنیا بۆ ئەنجامدانی پشكنینی پشكنینی هونەری، واتا پشكنینی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی و كۆمەلایەتی، گرنگی جیاكردنەوە و دابڕانەكە لەوەدایە تا بەندكراو كاریگەری بڕیار لەسەردراوەكانیتری لەسەر نەبێت و كەسایەتیەكەی ڕوون بێت و زانیارییەكانیشی ڕاست بێت.

**قۆناغی دووەم:** قۆناغی كۆكردنەوەی بەندكراوە لەگەڵ بڕیار لەسەردراوەكانیتر، بەمەبەستی ئەنجامدانی پشكنینی ئەزموونی.

**قۆناغی سێیەم:** قۆناغی خستنەڕوو و شیكردنەوەی ئەنجامەكانی پشكنینی هونەری و كارگێریە و، ئالۆگۆركردنی زانیاری لەنێوان پسپۆران و دەستەی كارگێری بۆ دەستنیشانكردنی شێوازی مامەڵەی چاكسازی گونجاو و پێویست بۆ بەندكراو، بەمەرجێك نوێنەری دادگا لەو قۆناغە بەشدار بێت بۆ دەستنیشانكردنی بارودۆخی یاسایی بەندكراو لەكاتی جێبەجێكردنی سزا.

# ٢- پۆلێنکردن:

- بریتییە لە دابەشکردنی بەندکراوان بۆ چەند کۆمەڵێکی لێکچووی هاوشێوە لەڕووی ڕەگەز و تەمەن و جۆر و سروشتی تاوان و جۆری سزا و ماوەکەی و گەڕانەوە و ڕەوشی تەندروستی دەروونی و عەقڵی و جەستەیی و ڕەوشی کۆمەلایەتی و تواناکانی ڕاهێنان، لە ڕێگای دابەشکردنیان بۆ بەندیخانە هەمەجۆرەکان لەناو بەندیخانە بۆ بەشی دیاریکراو، دەچێتە ژێر مانای پۆلێنکردن، دەستنیشانکردنی مامەڵەی چاکسازی و چاککردنەوەی بەپێی ئەو گۆڕانکاریەی کە بەسەر کەسایەتی بەندکراو دادێت.
- ڕێسای کەمترین مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانبار کە لەساڵی ١٩٥٥ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان دەرچوو کە (دەڵێ ئامانجی پۆلێنکردن بریتیە لە جیاکردنەوەی ئەو تاوانبارانەی کە ئەگەری لێ دەکرێت کاریگەری خراپی لەسەر ئەوانیتر هەبێ بەهۆی ڕابردووی تاوانیان).
- <u>ئەو پرۆگرامانەی کە لەڕێگای سیستەمی پۆلێن کردنەوە بۆ بەندکراوان دادەنرێت پشت بەئەنجامەکانی پشکنین دەبەستێت (ئەم بابەتانەش لەخۆ دەگرێت)؟</u>

١- پلەی پاسەوانیەتی، ٢- دەستنیشانکردنی بەندیخانەی شیاو، ٣- بڕی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەلأیەتییەی کە پێویستی پێی هەیە، ٤- دەستنیشانکردنی ئاستی فێربوون و ڕۆشنبیری کە ڕەنگە پێویستی پێی هەبێت، ٥- دەستنیشانکردنی پەروەردەی ئاینی و ڕەوشتی کە کاری تێدەکات، ٦-دەستنیشانکردنی ئەو کارەی کەلەگەڵیان گونجاوە، ٧- چۆنیەتی بەسەربردنی کاتی بەتاڵی لەبەندیخانە، ٨- ڕادەی بەشداریکردنی لە چالاکییە هونەری و وەرزشییەکان کە لەگەڵ تواناو تایبەتمەندی حەز و ئارەزووەکانی بگونجێت، ٩- دەستنیشانکردنی ڕێگاکانی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری بەندکراوان لە بەندیخانە، ١٠- دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی ڕێکخستنی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە.

**لەبەرچی هەوڵ و کۆششەکانی پۆلێن کردن ئاڕاستەی بەندکراو دەکرێت کەماوەی سزایان درێژە یان گونجاوە؟**

١. توانای بەندیخانە لەڕووی ماددی و هونەریەوە سنوردارە، ڕەنگە ڕێگە نەدات بۆ ئەوەی هەموو بەندکراوان پۆلێن بکرێت.

٢. ڕێوشوێنەکانی پشکنین و پۆلێنکردن کاتی دەوێت، جا ئەگەری لێدەکرێت ماوە نەمێنێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان بەسەر بەندکراوە ماوە سزا کورتەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاکردنەوە لە بەندکراوەکانیتر (ئەوەی ماوەی سزاکەیان درێژە) تا کاریگەری خراپیان لەسەر نەبێت.

## پۆلێنکردن لە سیستەمی نوێدا بەپێی چەند پرانسیپێك (بنەمایەك) بەندکراو دابەش دەكات

١- جیاكردنەوە لەسەربنەمای ڕەگەز: مەبەست لە جیاكردنەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز، دابڕانی ئافرەتەكانە لە پیاوەكان، واتا جیاكردنەوەی ڕەگەزی مێینە لە نێرینە لە بەندیخانەكان، گرنگی ئەو جۆرە جیاكردنەوە؛ دووركەوتنەوەیە لەهەر پەیوەندییەكی ناشەرعی

پێویست دەكات دەزگای چاكسازی ئافرەتان لەلایەن كارمەندی ئافرەتەوە بەڕێوە بچێت

مەرجێكی نێودەوڵەتییە كە لە (ڕێسای لانی كەمی مامەڵەكردن لەگەڵ بەندكراواندا ئاماژەی پێكراوە)

پێویست دەكات ئەو پرۆگرامانەی چاكسازی كە بۆ ئافرەتان دەستنیشان دەكرێت دەبێت لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی ئافرەت و توانای جەستەیی و سروشتی ڕەگەزەكەی بگونجێت

٢- دابڕان و جیاكردنەوە لەسەر بنەمای تەمەن: مەبەست لەو جیاكردنەوەیە دابڕانی مێردمنداڵە لە باڵغەكان و لەناو باڵغەكانیش لەنێوان لاو و پێگەیشتوەكان، مەبەستەكەش ڕێگرتنە لە دروستبوونی كاریگەری خراپی باڵغەكان لەسەر مێرمنداڵەكان و پێگەیشتوەكانیش لەسەر لاوەكان

٣- جیاكردنەوە لەسەر بنەمای سزا و پێشینەی تاوانی: مەبەست لەو جیاكردنەوەیە دابڕانی تاوانبارە مەترسیدار و ڕاهاتوەكان لە تاوانبارە سەرەتایی و ڕێككەوتەكان

چونكە مەترسییەكەی– ڕەفتار و هەڵسوكەوتی تاوانبارە مەترسیدارەكان بگوازرێتەوە بۆ ئەوانیتر

٤- جیاكردنەوە و دابڕان لە سەر بنەمای سەركۆنەكردن(ئیدانەكردن): مەبەست لەو دابڕانە جیاكردنەوەی گومان لێكراوەكانە لە بڕیار لەسەردراوەكان.

٥- جیاكردنەوە لەسەر بنەمای باری تەندروستی: مەبەست لەو جیاكردنەوە، دابڕانی ساغەكانە لە نەساغەكان، واتا ئەو تاوانبارانەی كە نەخۆشی دەروونی و عەقڵییان هەیە، هەروەها دەچێتە ژێر چوارچێوەی نەساغەكان

جگە لەوەی نەساغەكان پێویستییان بە مامەڵەیەكی چاكسازی تایبەت و چاودێریەكی پزیشكی توندیشە.

ئەو بنەمایانەی کە دەبێ لێژنەی پۆلێنکردن ڕەچاویان بکات لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیان:

١) زۆربەی بەندکراوان دەبێت پۆلێن بکرێت.

٢) دەبێت خەسلەتی ڕوون و ئاشکرا بۆ توێژی بەندکراوان هەبێت، ئەو خەسلەتانەش دەبێت هێندە ڕوون بن جێگای گومان نەبێت، تا بەندکراون پۆلێن بکرێن.

٣) دەبێت سیستەمی پۆلێن کردن جێگای متمانە و باوەڕ و پشت بەستن بێت، ئەگەر پسپۆڕێك یان لە پسپۆڕێك زیاتر هەستان بە پۆلێنکردنی بەندکراو؛ هەمان بەندیخانە و هەمان بەش و هەمان پڕۆگرامی چاکسازی بۆ دادەنێت.

٤) دەبێت پۆلێنکردن جەخت لەسەر چارەسەرکردنی تاکەکەسی بکات.

٥) ئەو پڕۆگرامانەی لەلایەنی لێژنەی پۆلێنکردنەوە دەستنیشان دەکرێت، دەبێت واقعی و بابەتیانە بێت دوور بێت لە بیروبۆچوونی خەیاڵی کە جێبەجێنەکرێت.

٦) دەبێت سیستەمی پۆلێنکردن ئابوری بێت، واتا جێبەجێکردن پێویستی بە خەرجیەکی دارایی زۆر نەکات کە لە بوودجە و دەسەڵاتی ماددی بەندیخانە دەرچێت.

پۆلێنکردن ڕێبازێکی زانستی و هونەری و مرۆییە؛ کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی یان بەدەستهێنانی ئامانجی بەرگریکردنی کۆمەڵایەتی دژی تاوان لە ڕێگای چاکسازی و ڕاهێنان، کە دەوترێ زانستییە لەبەرئەوەی پشت بە مەعریفە و زانیاری زانستە نوێیەکان دەبەستێ وەك کۆمەڵناسی و دەروونناسی و مرۆڤناسی و زانستی پزیشکی، کە دەوترێت مرۆییە لەبەرئەوەی ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ دەگرێ و هەرەشەی تۆڵەسەندنەوەی لێ دەکات.

# سیستەمەکانی پشکنین و پۆلین:

**١- سیستەمی نوسینگەی پشکنین و پۆلێنکردن**

لە هەموو بەندیخانەیەك نوسینگەیەك هەیە، ئەو نوسینگەیە کۆمەڵێك پسپۆری هونەری لە خۆدەگرێت، لە بواری کۆمەلأیەتی و پزیشکی، ئەرکی توێژینەوە و پشکنینی بەندکراوانە لە بواری پزیشکی و کۆمەلأیەتی

بە ئامانجی پێشنیار و ڕاسپاردەکردن سەبارەت بە پرۆگرامەکانی چاکسازی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباران بۆ بەدەستەی کارگێری بەندیخانە دەکات، بەلأم پێشنیار و ڕاسپاردەکانیان ڕاوێژکارییە هێزی جێبەجێکردنی تیادانییە، ستافی بەندیخانە بۆی هەیە قبوڵی ئەو پێشنیارانە بکات یان ڕەتی بکاتەوە.

**٢- سیستەمی تەواو بۆ پشکنین و پۆڵێنکردن:**

ئەو سیستەمە پسپۆری هونەری و کارگێری و نوێنەری بەندیخانە کۆدەکاتەوە لە لێژنەیەك، بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پشکنینی بەندکراوان لە بواری پزیشکی و کۆمەلأیەتی و ئەزموونی بە ئامانجی دەستنیشانکردنی پرۆگرامی مامەڵەی چاکسازی شیاو و بەندیخانەی گونجاو بۆ هەر بەندکراوێك

ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی ئەم لێژنەیە واقعی و زانستیترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی پێشوو، لەبەرئەوەی کاتی دەستنیشانکردنی پرۆگرام و بەندیخانە ڕەچاوی توانای بەندیخانە و تایبەتمەندییەکانی دەکرێت

ڕاسپاردە و پێشنیارەکانیان هێزی جێبەجێکردنی هەیە، واتا ستافی یان دەستەی کارگێری بەندیخانەکان پابەند دەکات بە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان و ڕێنماییەکانیان

## سیستەمی بنکەی پێشوازی:

بەپێی ئەو سیستەمە هەموو بەندکراوان ڕەوانەی بنکەی پێشوازی ناوەند بۆ پشکنین و پۆلێنکردن دەکرێن، کە ئەو بنکانە کۆمەڵێك پسپۆر لە بواری کۆمەڵایەتی و پزیشکی لەخۆدەگرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و پشکنین بەسەر بەندکراوان

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی جۆری بەندیخانە و پرۆگرامی مامەڵەی چاکسازی گونجاو بۆ هەر بەندکراوێك

دواتر بەندکراوەکان ڕەوانەی بەندیخانەکان دەکرێن، لێژنەیەکی تەواوکاری هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی باشترین شێوازی مامەڵەکردن بە پشت بەستن بەئەنجامی پشکنینەکانی بنکەی پێشوازی، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان. هەر بەندکراوێکیش دەبێت بۆ ماوەی ٢ مانگ واتا (٦٠ ڕۆژ) لەبنکەکانی پێشوازی بمێنێتەوە.

# دووەم: پرۆگرامی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی

- خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بە کۆڵەگەی سەرەکی جێبەجێکردنی پرۆگرامی چاکسازی و ڕاهێنانی بەندکراو دادەنرێت
- لەبەر ڕۆڵە کارایەکەی لە یارمەتیدانی بەندکراو لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووریەکانیان

<u>بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی کە جەخت لەسەر ئەو بنەمایانە</u> بکاتەوە:

١. جەختکردنی هەوڵ و کۆششەکان لەسەر بەندکراو وەکو تاك و دابینکردنی هەموو چەکە مەعنەوی و ماددی و پیشەییەکان کە زەمانەتی سەلامەتی دەکات لە ژیان.

٢. گۆرینی بەندیخانە لەشوێنێکی دامرکاندن و بێ بەشکردن بۆ دەزگایەك کە ئامانجەکەی پەروەردەکردن و چاکسازی بێت.

٣. بەکارهێنانی گشت توانا دەرەکی و ناوەکییەکانی بەندیخانە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سەروو.

# ڕێگاکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی

١/ ڕێگاکانی خزمەتی تاك

خزمەتی تاك لقێکە لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کە بایەخ دەدات بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و یارمەتییدانی کۆمەلایەتی و دەروونی و ڕەوشتی و ماددی بۆ بەندکراوان و خێزانەکانیان

## خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی لەبواری تاك ئەم خالانە لەخۆ دەگرێت

ا- **پرۆسەی پێشوازی لە بەندکراوان:** ماوەی یەکەمی بەندکردن بە مەترسیدارترین ماوەی گرتن هەژماردەکرێت و دوا ڕۆژی چارەسەرکردن و چاکسازیکردنی بەندکراو لەسەر دەوەستێت ئەوانەی جاری یەکەمیانە هیچ زانیارییەکی دەربارەی ئەم کۆمەلگایە نییە و هەستکردنی بە ترس لە ئاکامی زالبوونی وێنەیەکی ترسناك لە هزریدا دەربارەی ئازار و ئەشکەنجەدان و مامەلەی توندوتیژی لە بەندیخانە

بۆیە پسپۆری کۆمەلایەتی لە چاوپێکەوتنی یەکەم جەخت لەوە دەکات کە یارمەتی بەندکراو بدات لە نەهێشتنی ئەو ئاراستانەی کە لەلای دروست بووە، بە ڕێگایەکی ڕاست و دروست چارەسەریان بکات

سەرکەوتنی پرۆسەکانی یارمەتیدان دەوەستێتە سەر بڕی ئەو متمانەی کە توێژەر لە بەندکراو وەریدەگرێت، ئەگەر بەندکراو متمانەی بەتوێژەر نەکات زانیاری ناداتێ، ئەمەش وا دەکات کە توێژەر نەتوانێت یارمەتی بەندکراو بدات بۆ نەهێشتنی دلەڕاوکێ و مەترسییەکانی

**ب- پارمەتیدانی بەندکراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی:** زۆرجار بەندکراو داوای یارمەتی لە توێژەری کۆمەڵایەتی دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەربەستانەی کە هاتۆتە پێشی، لە ڕێگای چاوپێکەوتن توێژەری کۆمەڵایەتی دەتوانێت هەستی بەندکراو بەرامبەر تاوان و سزا و بەندیخانە ئاشکرا بکات

جا چ سەبارەت بە ئاشکراکردنی فاکتەرەکانی تاوان بێت، یان بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی چاکسازی بێت یان بۆ زانینی پلەی کارتێکردنی پرۆگرامەکان لە بەندکراوان

زیاتر هەنگاو دەنێت بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەندامانی خێزانی و یارمەتیدانیان و ئاڕاستەکردن و ئامۆژگاریکردنیان سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگەکانی ژیان و، هەوڵدەدات توانای دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنێت بۆ خزمەتی ئەندامانی خێزانی بەندکراو

# قۆناغە زانستیەکانی چارەسەرکردنی کێشەی بەندکراوان لەبواری خزمەتگوزاری تاك

أ- توێژینەوەی دەروونی و کۆمەلأیەتی بۆ بارودۆخی بەندکراو: مەبەست لەم توێژینەوە کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاری و داتایانەیە کە یارمەتیدەدات بۆ دروستبوونی وێنەیەك بۆ کۆمەڵێك ڕاستی، کە سودی هەیە بۆ یارمەتیدانی بەندکراو و دانانی چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکەی بە پشت بەستن بە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەندکراو و خێزانەکەی و شارەزاو پسپۆرەکان

ب- دەستنیشانکردنی لایەنی دەروونی و کۆمەلأیەتی بۆ کێشەی بەندکراو: مەبەست لەم دەستنیشانکردنە بەستنەوە و شییکردنەوەی ڕاستییەکانە و دروستکردنی فکرەیەکە لەسەر کەسایەتی بەندکراو و ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی دروست بوونی ئەو کێشەیە و چارەسەرکردنی

ت- چارەسەرکردنی کێشەی بەندکراو: یارمەتیدانی بەندکراوە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی گونجانی کۆمەلأیەتی و خوودی لەڕێگای چاککردنی بارودۆخە کەسی و ژینگەییەکەی

ئەو ڕێگایانە بەستراون بەیەکەوە و بەردەوامیشن، لە هاتنی تاوانبار دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت بە درێژایی ماوەی سزاو دوای ئازادکردنیش هەرکاتێك دۆخی بەندکراو پێویستی پێی بێت بەپێی ئەو گۆڕانکاریانە و پەرەسەندنانەی بەسەر کەسایەتی بەندکراو دادێت، لەبەرئەوەی ماوەی زەوتکردنی ئازادی بەمانای قۆناغی گواستنەوە دێت، بۆیە بۆ هەر قۆناغێك پێویستی بە پرۆگرامی چارەسەرکردنی تایبەتە کە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکان بکات.

# ٢- ڕێگاکانی خزمەتی بەکۆمەڵ (گرووپ)

- ✓ ئەو ڕێگایەیە کە کۆمەڵ بەکاردەهێنێت وەکو ئامرازێك بۆ گەشەکردنی تاکەکان و چاککردنەوەی ڕەفتارەکانیان

دەتوانین گرنگترین ئامانجەکانی کارکردن لەگەڵ بەندکراو بەشێوەی کۆمەڵ لەم خاڵانە کورت بکەینەوە:

١- گەشەدان بە توانای بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵی لەلای بەندکراوان، کە ئەمە دەرفەتی وەرگرتنی ئەزموونی بەکۆمەڵی بۆ بەندکراوان دەرەخسێنێ کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستییان پێی هەیە، لەهەمانکاتدا توانای گونجانی کۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لایان زیاد دەکات

٢- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەندکراوان بۆ وەرگرتنی شارەزایی جۆراوجۆر، ئەو شارەزاییانەی کە توانای بەرهەمهێنان و داهێنان لایان زیاد دەکات لەڕێگای بەشداریکردنی بە کۆمەڵی لە چالاکییە جۆراوجۆرەکان، وایان لـێ دەکات کە بتوانن کۆنتڕۆڵی هەست و هەڵچونەکانیان بکەن لەناو گرووپەکاندا

٣- چاندنی بەها کۆمەڵایەتییە بەرزەکان لەناو ناخ و دەروونی بەندکراوان وەك دادوەری و ڕاستگۆیی و پابەندبوون و ڕێزگرتن... هتد، تا بگونجێن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کەتیایدا دەژی، لەڕێگای ممارەسەکردنێکی کرداری بۆ ئەم بەهایانە

٤- ڕێکخستنی کاتی دەست بەتاڵی بەندکراوان بەشێوەیەك سودی بۆ بەندکراو و بەندیخانە هەبێت، لەبەرئەوەی کاتی دەست بەتاڵی زۆر؛ دەبێتەهۆی دروستبوونی بێزاری لای بەندکراوان و زیادبوونی کاتەکانی بیرکردنەوە و دروستبوونی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لای بەندکراوان و تێکچوونی باری دەروونی و عەقڵییان،

چۆنیەتی ڕێکخستنی کاتی بەتاڵی بەندکراوان دەبێتە هۆی بنبڕکردنی فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی تاوان، توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینی لە ئاراستەکردن و ئامۆژگاریکردنی بەندکراوان دەربارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی کاتی دەست بەتاڵی، ئەمەش پێویست دەکات کارگێڕیی بەندیخانە پرۆگرامی جۆراوجۆر و جیاواز دابنێ لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی ...هتد.

# ٣- ڕێگاکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا:

❖ تاك و گروپ سەلامەت بێ لەهەمان کاتدا کۆمەڵگای بەندیخانە سەلامەت دەبێ، بەلأم تاك و گروپ سەلامەت نەبێ گرفتیان هەبێ کۆمەڵگای بەندیخانەش سەلامەت نابێ.

ڕۆڵی پیشەیی توێژەری کۆمەلأیەتی لە بواری ڕێکخستنی کۆمەڵگادا:

١- هەڵسانی توێژەی کۆمەلأیەتی بە چاوپێکەوتنی خولی لەگەڵ فەرمانبەرانی نێو بەندیخانە، ئەویش لە پێناو ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونیان سەبارەت بە پرۆگرامی چاودێری و مامەلەکردن لەگەڵ بەندکراوان، بۆ تێگەیشتن لەو بەربەستانەی کە دێتە بەردەمیان و گەیشتن بە ڕاسپاردە و پێشنیار

٢- ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرمانبەرانی ناو بەندیخانە بە ئامادەبوونی کەسانی پسپۆر و بە ئەزموون بە مەبەستی ڕووبەڕوبوونەوەی گرفتەکان و ئاشنابوون بە نوێترین شێوازی مامەڵەی چاکسازی

٣- بەدواداچوون بۆ کاری لیژنە جۆراوجۆرەکانی ناو بەندیخانە، هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانیان

٤- کارکردن بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان بەندیخانە و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی نێو کۆمەڵگا بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوانیان و ئاڵوگۆڕکردنی خزمەتگوزاری بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی پرۆسەی چاکسازی.

٥- ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەلأیەتی لە بواری دیاردە تاوانییەکان، بۆ ئاشکراکردنی پاڵنەرەکانی تاوان و چۆنیەتی قەلأچۆپێکردنی یاخود ڕووبەڕوبوونەوەیان، لەگەڵ دانانی ئەنجامەکانی توێژینەوە لەبەردەم بەرپرسان و دەزگا پەیوەندیدارەکان

٦- ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لەو گرفت و مەترسیانەی کە ڕوبەڕووی بەندکراو و خێزانەکانیان دەبێتەوە گەر دەستی یارمەتیان بۆ درێژ نەکرێت و یارمەتی نەدرێن.

# سێیەم: خزمەتگوزاری تەندروستی :

بونی خزمەتگوزاری تەندروستی لەنێو دامەزراوە چاکسازییەکاندا کارێکی پێویستە بۆ چاککردنی کەسێتی کۆمەڵایەتی تاوانبار و گەڕانەویان بۆ ناو گۆمەڵگا بەتوانا جەستەیی و عەقڵی و دەروونی گونجاو

لە مادەی (٩)ی ڕێسایەکانی لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان هاتووە، کە دەڵێت: (بەندکراوان مافی خۆیانە هەموو ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستیانە بیانگرێتەوە کە لە وڵاتدا هەیە بەبێ جیاوازیکردن بە هۆی بارودۆخی یاساییەوە).

**ئامانجی سەرەکی لە خزمەتگوزاری تەندروستی و چاودێریکردنی باری تەندروستی بەندکراوان، بریتیە لە:**

١- توێژینەوەکان لە بواری زانستی تاواندا ئەوەیان سەلماندوە کە پەیوەندی لە نێوان تاوان و نەخۆشیدا هەیە، بۆیە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە دەبێتە هۆی ڕیشەکێشکردنی یەکێك لە هۆکارەکانی تاوان.

٢- بایەخدان بە چاودێری تەندروستی، لەلایەکەوە دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لە باشی تەندروستی بەندکراو، ئەمەش یارمەتی سەرکەوتنی شێوازی چاکسازی بەگشتی و کاری سزایی بە تایبەتی دەدات، لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی کۆمەڵگا لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

# شێوازەکانی خزمەتگوزاری یان چاودێری تەندروستی

✓ چاودێری تەندروستی بەندکراوان تەنیا چارەسەرکردنی بەندکراوان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو ڕێوشوێنە پێویستیانەش دەگرێتەوە کە بۆ پاراستنی بەندکراوان لە نەخۆشی دەگیرێتەبەر (شێوازی خۆپاراستن و شێوازی چارەسەرکردنی)

## یەکەم : شێوازی خۆپاراستن:

### ئامانجی شێوازەکانی خۆپاراستن:

١) پاراستی ئاستی تەندروستی لە بەندیخانە.

٢) توشبوونی بەندکراو دەپارێزێت لە نەخۆشی.

٣) ڕێگا دەدات بەجێبەجێکردنی سزا لە بارودۆخێکی مرۆیی.

❖ لەبارەی خۆپارستنەوە تۆماری ڕێسایی هەلسوکەوتی فەرمانبەرانی ڕاسپێردراو لە بەجێگەیاندنی یاسا کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە متمانەی پێ بەخشرا لەمادەی (٦) دەڵێت (پێویستە لەسەر فەرمانبەرانی ڕاسپێردراو لە بەجێگەیاندنی یاسا بە ئاگابن لە پاراستنی تەواوی تەندروستی کەسانێ کە دەست بەسەرن لەلایان، لەسەریان پێویستە بەشێوەیەکی تایبەت هەنگاوی خێرا بگرنەبەر بۆ فەراهەمکردنی چاودێری پزیشکی بۆیان لەهەر کاتێك کە پێویستیان بێت).

# گرنگترین ئەو ڕێوشوێنە خۆپارێزییانەی کە لەنێوبەندیخانەدا دەگیرێنەبەر

١/ شوێن و بینایەی بەندیخانە:

لەبارەی شوێنی خەوتن و کۆبوونەوە و کارکردن (کۆمەڵە ڕێسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان) لە ڕێسای (١٠)دا دەڵێت: (پێویستە ئەو شوێنەی بەندکراوان بەکاری دەهێنن هەموو مەرجەکانی تەندروستی تیادا فەراهەم بکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی حاڵەتی کەش و هەوا، بەتایبەتی هەموو ئەو شوێنانەی تایبەتن بە خەوتنی بەندکراوان، پێویستە هەوا گۆڕکێ و ڕووناکی و ساردی و گەرمی گونجاو بێت)

یەکێك لە مەرجە گشتییەکان دەبێت ڕەچاوبکرێت لەنێو بینایەی بەندیخانە دوورکەوتنەوەیە لە قەرەباڵغی، چونکە قەرەباڵغی هۆکارێکە یان ڕێگایەکە بۆ ئاسانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەنێو بەندکراوەکان و ئەستەمی پاراستنی پاك و خاوێنی لە بەندیخانە.

٢/ خواردەمەنی: خۆراك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ دادەنرێت، چونکە کەمی خۆراك دەبێتەهۆی توشبوونی بەندکراو بە نەخۆشی جۆراوجۆر، پێویستە ئەو ژەمە خواردنانەی دەدرێن بە بەندکراوان هەمەجۆر و بەپێی پێویست بێ لەڕووی چەندیەتی و چۆنیەتیەوە و بەڕێگایەکی پاك و خاوێن ئامادەبکرێت، بەشێوەیەکیش پێشکەشیان بکرێت کە ڕێزی مرۆڤایەتی بەندکراوان بپارێزێت

٣/ پاك و خاوێنی بەندكراوان: دوو جۆر لەخۆ دەگرێت أ- پاك و خاوێنی لەش، ب- پاك و خاوێنی جلوبەرگی بەندكراو

پێویستە لەسەر ئیدارەی بەندیخانە بەندكراوان پابەندی چاودێریكردنی پاك و خاوێنی جەستەیان بكات، بەلایەنی كەمەوە لە هەفتەیەكدا جارێك خۆیان بشۆن بە ئاوێك كە پلەی گەرماكەی لەگەڵ كەش و هەوای ئەو كاتەدا گونجاو بێت

لە ڕێسای (١٧)ی كۆمەڵە ڕێسای لایەنی كەمی مامەڵەكردن لەگەڵ بەندكراوان دەڵێت (پێویستە هەموو بەندكراوان جلوبەرگیان بۆ فەراهەم بكرێت، كە گونجاو بێت لەگەڵ كەش و هەوا و پارێزگاری لە تەندروستییان بكات، هەروەك پێویستە ئەو جلوبەرگانە پاك و خاوێن بن، نابێت بەندكراو بەهۆی جلەكانی هەست بەكەمی و ڕیسوایی بكات، یاخود هەستیان بریندار بكات).

٤/ چالاكی وەرزشی: چالاكی وەرزشی جەستەیی و چالاكیەكانیتر كاریگەرییەكی باشی لەسەر باشی تەندروستی بەندكراو بەجێ دەهێڵن، بۆیە پێویستە لەنێو بەندیخانەدا شوێن و كەرەستەی پێویستی وەرزشی فەراهەم بكرێت، لەگەڵ دابینكردنی ڕاهێنەر بۆ یارمەتیدانی بەندكراوان لە ئەنجامدانی ڕاهێنانی وەرزشی پێویست،

لە ڕێسای (٢١)كە لە دووبڕگە پێكهاتوە دەڵێت (وەرزشكردن پێویستە لەبەندیخانەدا، و پێویستە هەموو بەندكراوان ڕۆژانە بەلایەنی كەم یەك كاتژمێر چالاكی وەرزشی ئەنجام بدەن).

# شێوازەکانی خزمەتگوزاری یان چاودێری تەندروستی

یەکەم : شێوازی خۆپاراستن:

دووەم: شێوازی چارەسەرکردن:

١- پشکنینی بەندکراو: بەپێی هەدوو ڕێسای (٢٤، ٢٥)ی کۆمەڵە ڕێسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان دەڵێت (پێویستە لەسەر پزیشکی بەندیخانە پشکنین بۆ هەموو بەندکراوان بکات بەهاتنیان بۆ نێو بەندیخانە و دوایی چوونە نێو بەندیخانەشەوە بەپێی ماوە ماوە و هەرکاتێ پێویست بکات، لەپێناو ئاشکراکردنی نەخۆشییە جەستەیی و عەقڵییەکانیان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆیان، وەکو جیاکردنەوەی ئەو بەندکراوانەی گومانی توش بونیان لێ دەکرێت بە نەخۆشی گواستراوە و دیاریکردنی توانای بەندکراوان بۆ کارکردن بێ تواناییان لەڕووی جستەیی و عەقڵییەوە.

٢- چارەسەرکردنی بەندکراوان: چارەسەرکردنی بەندکراوان مافێکی ڕەوای بەندکراوە، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

A. بەندکراو خۆی ناتوانێت بچێت بۆ لای پزیشك چارەسەری خۆی بکات.

B. بەندکراو وەکو هەر مرۆڤێکیتر مافی چارەسەری تەندروستی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی هەیە.

هەموو پێداویستیەکانی چارەسەرکردنی بەندکراوان فەراهەم بکرێت، چونکە بەشێکە لە پرۆسەی شیاندن، پێویستە لە بەندیخانەکاندا چارەسەرکردنی بەندکراوان بەهەمان شێوەی دەرەوەی بەندیخانە بێت

پێویستە لەنێو بەندیخانەدا نەخۆشخانەیەکی پاشکۆ هەبێت بۆ ئەو نەخۆشانەی کە حاڵەتەکەیان وا پێویست دەکات لە نەخۆشخانەدا بمێننەوە، بەتایبەتی ئەگەر مەترسی هەڵهاتنی لێ بکرێت نەتوانرێت بخرێتە نێو نەخۆشخانە گشتییەکانی دەرەوەی بەندیخانە یان بۆ حاڵەتە کتوپڕەکان

# ڕۆڵی پزیشك له به‌ندیخانه‌كاندا (دامه‌زراوه چاكسازیه‌كاندا):

- پزیشك له نێو به‌ندیخانه‌دا له ئه‌ركێك زیاتری پێ ده‌سپێردرێت وه‌كو چاودێری و بینینی به‌ندكراوی نه‌خۆش و چاره‌سه‌ركردنی و دواتریش پێشكه‌شكردنی ڕاپۆرتی پزیشكی بۆ كارگێری به‌ندیخانه.
- (كۆمه‌ڵه ڕێسای لانی كه‌می مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ به‌ندكراو له ڕێسای (٢٢) كه له دوو بڕگه پێك هاتوه له‌بڕگه‌ی (١) ده‌ڵێت (پێویسته هه‌موو به‌ندیخانه‌یه‌ك لانی كه‌م پزیشكێكی كارامه‌ی هه‌بێت، كه زانیاری ده‌رباره‌ی پزیشكی ده‌رونیش هه‌بێت و پێویستیشه خزمه‌ته پزیشكییه‌كانی له‌گه‌ڵ په‌یوه‌ندییه‌كی پته‌و به ئیداره‌ی ته‌ندروستی گشتی ناوچه‌یی یان نیشتمانیه‌وه پێشكه‌ش بكرێت، هه‌روه‌ها پێویسته لقی پزیشكی ده‌رونیشی تێدا بێت، به‌مه‌به‌ستی ده‌ستنیشانكردنی باره ژیریه نائاساییه‌كان و چاره‌سه‌كردنیان له كاتی پێویستدا)،
- دروستكردنی متمانه له‌نێوان خۆی و به‌ندكراواندا تا بتوانێت سه‌رجه‌م ئه‌و فه‌رمانانه‌ی بۆ به‌ندكراوان ده‌ری ده‌كات جێبه‌جێبكه‌ن
- پێویسته به‌رده‌وام له‌گه‌ڵیاندا بێت و ئه‌و ڕێگا و ڕێوشوێنانه بگرێته‌به‌ر كه له‌و كاته‌دا پێویسته بۆ پشكنین و  چاره‌سه‌ركردنیان تا تووشی نه‌خۆشی درێژخایه‌ن نه‌بن.

# چوارەم: پرۆگرامی کارکردن:

مەبەست لە کارکردنی تاوانباران بە چەند قۆناغێك تێپەریوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

قۆناغی یەکەم/ئازاردان: لەسەدەی حەڤدەهەمدا ئاماژەیان بەوە دەکرد کەدەبێ کارکردن توندووتیژ و ڕیسواکار بێت بۆ بەندکراو،

بریتییە لەناچارکردنی بەندکراو بە جۆرە ئیشێکی زەحمەت، لە هەندێك لە یاساکانی ولأتانی جیهاندا کارکردن بەسزای ناوبراو دەکرێت لەمانە یاسای سزادانی میسری و سوری

قۆناغی دووەم/ئابووری: کاتێك بینرا کارکردنی بەندکراو وەکو سزایەك بەرهەمێکی هەیە، دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێ بۆ داپۆشینی پێداویستیەکانی ناو بەندیخانە، هەرچەندە بەدەستهێنانی بەرهەم لە کارکردن لەنێو بەندیخانە یارمەتی لایەنی ئابووری دەدات، بەلأم ئامانجێکی سەرەکی نیە لە پرۆسەی سزای نوێدا

قۆناغی سێیەم/ چاکسازی و ڕاهێنانەوە: پاش ئەوەی مەبەست لە سزا بریتی بوو لە چاکسازی و ڕاهێنان، چونکە لەلایەکەوە دەبێتە هۆی پەیداکردنی گیانی هاریکاری لە نێوان بەندکراوان و ئەندامانی کارگێری دامودەزگاکە، لەلایەکیترەوە دەبێتە هۆی پەیدابوون و گەشەسەندنی توانست و بەهرە و متمانە بەخۆکردن، هەروەك دەبێتە هۆی چاندنی گیانی کارکردن و ڕاهاتن لەسەری، لەکاتی ئێستادا بریتییە لە چاکسازی و ڕاهێنانەوە؛ تاوانبار گەلێ سودی تریش لە سیستەمی کارکردن لەنێو بەندیخانەکان دێتەدی، کە بریتییە لە بەشداریکردن لە ئابووری نێو بەندیخانە و پاراستنی سیستەمی نێودا،

## کارکردن بە مافێك دادەنرێت لە مافەکامی بەندکراو، کەواتە چەند ئاکامێك دەبێت بەدی بکرێت لەکارکردندا کە ئەمانەن:-

یەکەم/ دابینکردنی کار بۆ هەموو بەندکراوێك واتا کارگێری دامودەزگا چاکسازییەکان دەبێت پابەندن بێت بەوەی کار بۆ هەموو بەندکراوێك دابین بکات، ئەگەر توانای کارکردنی هەبێت

**چەند مەرجێك هەیە دەبێت بێتەدی لەو کارەی دامودەزگای ناوبراو دابینی دەکات لەمانە :-**

١- دەبێت کارەکە هاوشێوەی ئەو کارە بێت کە لەدەرەوەی بەندیخانە ئەنجامدەدرێت، لەهەمان باری تەندرووستی ئەنجامبدرێت لەبەر رووناکی و هەوای پاك و دابینکردنی پێداویستییەکانی کارکردن لە ئامراز و ئامێری پێویست و ماوەی کارکردن و پشوودان و مۆلەت، هەرووەك لە بەندی (٧٥)ی لە بنەمایەکانی لایەنی کەمی مافەکانی بەندکراو ئاماژەکراوە کەوا کاتی کارکردن رۆژانە بێت یان هەفتانە دەبێ بە یاسا دیاری بکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی دابونەریتی کارکردن لە هەر شوێنێك

٢- دەبێت ئیشەکە بەرهەمهێنەر بێت، چونکە ئەمە مەعنەویاتی بەندکراو بەرز دەکاتەوە و متمانەی بەخۆ زیاد دەکات، وای لێدەکات کە هەر پەیوەست بێت بەو ئیشەی هەتا دوای ئازاد کردنیشی لەبەندیخانە.

٣- ئەبێت ئیش لەنێو بەندیخانە هەمەجۆر بێت، تاکو لەگەڵ حەزو و ئارەزوو و توانای بەندکراو بگونجێت.

٤- ئەبێ ئیشەکە سوودمەند بێت، واتا نابێت بەندکراو سەرقاڵ بکرێت بەئیشێك کە دابونەریتی کۆمەڵگا پەسەندی ناکات.

دووەم/ دەستکەوتنی کرێ یەکێکە لە مافەکانی بەندکراو وەك لە بەندی (٣٢)ی جاردانی مافی مرۆڤدا هاتووە کە هەر کەسێك بەبێ جیاوازی مافی ئەوەی هەیە کە کرێ وەربگرێت لەبەرامبەر ئەو کارەی ئەنجامی دەدات.

سێیەم/ سودوەرگرتن لە یارمەتی بیمە و (الچمانات) خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان، واتا پاراستنی بەندکراو لە مەترسیەکانی کارکردن کە لە ئاکامی بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازی زانستی و تەکنەلۆژی دووچاری دەبێت، لەوانەیە ببێتە هۆی توش بوون بە نەخۆشی.

چوارەم/ هەڵبژاردنی جۆری کارەکە لەلایەن بەندکراوان وەك مافێکی ڕەوایان، ئەوەیە کە دەبی جۆری کارەکە بە ویست و ئارەزووی بەندکراو بێت، لەگەڵ حەزو و ئارەزوو و توانای بگونجێ.

یاسادانەری عێراقی لە یاسای دامودەزگای گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی ئاماژەی بە بەکارخستن کردوە لەبەندەکانی (١٨)تا(٢٠)، لەبەندی(١٨)دا هاتووە کەوا (کارکردن مافێکی بەندکراوە لە سنووری توانا و ئارەزوو و بنەماکانی پیشە ئەنجامی دەدات، ئەمەش بەمەبەستی راهێنانەوە و ئامادەکردنی هۆکارەکانی بژێوی دوای بەسەربردنی ماوەی بەندکراوییەکەی، هەروەها لە بەندی (١٩)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکات (بەکارخستن بەشێکە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی سزا نەك وەك سزایەك، هەر بۆیە لیژنە هونەرییەکان پێویستە سەیری کارکردن بکەن وەك پێداویستییەکانی پاراستنی بەندکراو و کۆمەڵگا

# ڕێکخستنی یاسایی کارکردنی لە بەندیخانەدا

ڕێکخستنی یاسایی بۆ کارکردن لەنێو بەندیخانەکان دەگوڕێت بەپێی ڕۆڵی کارگێری بەندیخانە لە سەرپەرشتیکردنی ئەم کارە، لەوانەیە هەر نەی بێت یاخود سەرپەرشتی گشتی بۆخۆی بێت لەوانەشە مام ناوەند بێت، هەر بۆیە چەند سیستەمێکی کارکردن پەیرەو دەکرێت کە ئەمانەن

١- سیستەمی قۆنتەرات: بەپێی ئەم سیستەمە دەوڵەت مەسەلەی کارکردنی بەندکراو دەخاتە ئەستۆی کەسێك لە کەرتی تایبەت، بەجۆرێك ئەو کەسە جۆری کارکردن و مەرجەکانی دیاری دەکات و ئامرازو و کەرەستەی سەرەتایی ئامادە دەکات و سەرپەرشتی تەواوی پرۆسەی کارکردنەکە لەلایەن ئەو کەسە ئەنجامدەدرێت بەرامبەر بە دابینکردنی کرێی کارکردنیان

٢- سیستەمی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ: بەپێچەوانەی سیستەمی پێشوو، لێرەدا دەوڵەت یان کارگێری دامودەزگای چاکسازی خۆی هەڵدەستی بە پرۆسەی بەکارهێنانی بەندکراوان و دابینکردنی گشت پێداویستیەکانی کارکردنیان، لەگەڵ ئەوەی تێچونی زۆر دەخاتە سەر شانی دەسەڵات، بەلام دەبێتە هێنانەدی مەبەستی سزا لە چاکسازی تاوانباران، هەر بۆیە بنەماکانی لایەنی کەمی مافەکانی بەندکراوان لە بەندی (٧٣) برگەی یەکەم جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت دەزگا پیشەسازی و کشتوکاڵییە سزاییەکان دەسەڵات ئاراستەی بکات نابێ بخرێتە ئەستۆی کەسانی کەرتی تایبەت.

٣- سیستەمی هێنانی کەل و پەل: ئەم سیستەمە مام ناوەندە لەنێوان هەردوو سیستەمەکەی پێشوو بە جۆرێك کارگێری دامودەزگای چاکسازی پەیمان دەبەستێ لەگەڵ یەکێ لە کەرتی تایبەت سەبارەت بە دابینکردنی ئامرازو و کەرەستەی سەرەتایی پێویست، لەژێر چاودێری کارگێری دامودەزگای چاکسازی، بەلام بۆ بەرژەوەندی ئەو کەسە، ئەمەش بەرامبەر برێك پارە وەك موچە کە دەیدات بە بەندکراو، کارگێری دامودەزگا خۆی سەرپەرشتی بەندکراوان دەکات بەجۆرێك دەتوانێت بەو ئاراستەی بەرێت کەدەبێتە هۆی چاکسازی تاوانباران

٤- سیستەمی گرێبەند: ئەم سیستەمە بریتییە لەبەستنی گرێبەند لەنێوان بەندیخانە و دامودەزگا بەرهەمهێنەرەکان، بەهۆیەوە بەندکراو دەنێرێت بۆ ئەم دامودەزگایانە، بۆ ئەنجامدانی ئیش و بەرهەمهێنان دوای تەواو بوونی بەندکراو لە کارەکەیان دەگەرێتەوە بەندیخانە بەرامبەر کرێی کرێکاری ئازاد، ئەم سیستەمە مەترسی هەیە لەلایەنی کۆنترۆڵکردنی بەندکراوان لە کاتی گواستنەوەیان و ئەنجامدانی ئیش لە دەزگا بەرهەمهێنەرەکان، بەجۆرێك جێبەجێکردنی زۆر زەحمەتە لەلایەنی پراکتیزیەوە.

# پێنجەم: پرۆگرامی فێرکردن

- نەزانی و نەخوێندەواری هۆکارێکی دروستبوونی تاوانە، لەرێگای ئەم پرۆگرامە ئەم فاکتەرە ترسناکەی تاوان بنبڕ دەکرێت، وەکو دەزانرێت شیاندنی کۆمەڵایەتی و خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی بۆچاکسازی عەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسی تاوانبارە، باشترین ڕێگاو شێوازیش بۆچاکسازی لەو عەقلیەتە بریتییە لە فێرکردن
- فێرکردن گرنگی زۆری هەیە لە دامەزراوە چاکسازییەکاندا لەوانەش:-

١- دەتوانێ یەکێك لە هۆکارەکانی ڕەفتاری تاوانکاری لابەرێت، ئەویش نەخوێندەوارییە لای بەنکراوان، چونکە زۆرێك لەو توێژینەوانەی لە بواری زانستی تاواندا ئەنجامدراون ئەوە دووپات دەکەنەوە کە نەزانی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تاوانکردن

٢- خۆشەویستی سیستەم و گوێرایەڵی و ڕێزگرتنی یاسا لە ناخی بەندکراوان پەرەپێدەدات.

٣- کاتی دەستبەتاڵی بەندکراوان پڕدەکاتەوە لە ڕێگەی خوێندنەوە و وێنەکێشان یان هەرکارێکی دیکە کە بەندکراوەکە حەزی لێی بکات، سودی بۆی هەبێت، ئەمەش یارمەتیدەدات بۆ لابردنی ئەو بارودۆخە دەروونییە ناخۆشە لەسەری

٤- ئازادکراوی ڕۆشنبیر و فێربوون فێرکراو دەرفەتی کارکردن و ژیانێکی ئاسایی زیاترە و باشترە بە بەراورد بەئازادکراوێکی ناڕۆشنبیر و نەخوێندەوار.

٥- پێگەیشتنی تواناکانی ژیری لای بەندکراو، ئەمەش وادەکات گۆڕان بەسەر ڕەفتارەکانیدا بێت و شێوەی بیرکردنەوەشی.

گرنگــــی رۆڵی فێرکردن لەنێو دامەزراوە چاکسازییەکاندا کۆمەڵە ڕێسای لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەڕێسای (٧٧)کە لە دوو برگە پێك هاتوە دەڵێت:-

أ- پێویستە کاربکرێت بۆ فەراهەمکردنی کەرەستەکانی پەرەپێدانی فێرکردن بۆ سەرجەم ئەو بەندکراوانەی کە دەتوانن سودی لێوەربگرن، پێویستیشە فێرکردن زۆرە ملێ بێت بۆ ئەو بەندکراوانەی کە نەخوێندەوارن، یان تەمەنیان بچوکە.

ب- پێویستە بەپێی توانا و بە پراکتیکی فێرکردنی بەندکراوان گونجاو و تەواوکار بێت لەگەڵ سیستەمی فێرکردنی گشتی وولاتدا، بۆئەوەی بەندکراو بەبێ گرفت لەدوای تەواوکردنی وادەی سزاکەیان بتوانن درێژە بەخوێندن بدەن لەدەرەوەی بەندیخانە.

## بوارەکانی فێرکردن

١- فێرکردنی گشتی:- مەبەست لە فێرکردنی گشتی ئەو فێرکردنەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجامدەدرێت، بە ئامانجی نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەخشینی زانیاری پێویست بە بەندکراوان، لە سیستەمی سزای فەرەنسیدا سەبارەت بەفێرکردنی گشتی هاتووە کە بەندکراو ئەگەر بروانامەی ئامادەیی بەدەست هێناو ویستی درێژە بەخوێندن بدات و زانکۆ تەواو بکات پێویستە بواری بۆ برەخسێ بۆ هێنانەدی ئەو حەزو هیوایەی، لە هەرێمی کوردستانیش کار بەهەمان یاسا دەکرێت.

٢- - فێرکردنی تایبەتی یان هونەری (پیشەیی) ئەو خوێندنەیە کەتیایدا بەندکراو فێری کارو پیشەییەك دەکرێت بەشێوەیەکی زانستی لەرووی هونەری و پراکتیکی وەکو (ئاسنگەری، دارتاشی، بەرگدروین، قژبرین، ...هتد)، دوای ئەوەی ئازاد دەکرێت تاکو بتوانێت دژی بێکاری و مەترسیەکانی بوەستێت، ببێتە خاوەن پیشەیەك و بژێوی خۆی و خێزانەکەی پێ دابین بکات ، (لە زانستی سزادا بایەخێکی تەواو بەم جۆرە خوێندنە دەدرێت)

# شێوازەکانی فێرکردن:

١- وانەگوتنەوە: پێویستە لەنێو دەزگا چاکسازییەکاندا شوێنێك بۆ فێرکردن تەرخان بکرێت بەناوی قوتابخانەی بەندیخانە، کەرەستە و پێویستیەکانی فێرکردن دابین بکرێت، دەبێت ماموستایان و ڕاهێنەرەکان مەشقی تایبەتیان پێبکرێت، چونکە وانەگوتنەوە لە دامەزراوە چاکسازییەکاندا جیاوازە لە دەرەوەی دامەزراوەکە، ماموستا ڕووبەڕوو ی کۆمەڵێ دەبێتەوە جیاوازن لە قوتابی و قوتابخانە و پەیمانگاکان لەڕووی ئامادەکاری و توانای وەرگرتنی زانستییەوە

ئەو قوتابییەی کە قۆناغەکانی خوێندن بەسەرکەوتویی تەواو دەکەن، کە هەمان بڕوا نامە بێت کە لە قوتابخانە ئاساییەکان دەبەخشرێتە قوتابیان، لەگەڵ ناونەهێنانی شوێنی بەدەستهێنانی بروانامەکە، لە پێناو بەدەستهێنانی ئەمە دەبێت هەماهەنگییەکی تەواو هەبێت لەنێوان ئیدارەی بەندیخانەو وەزارەتی پەروەردە.

٢- کتێبخانە: کتێبخانە یەکێکە لە کەرەستە هەرە گرنگەکانی فێرکردن، دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە بەندکراوان ئاستی ڕۆشنبیریان پەرەپێبدەن، ئەمەش بەبوونی کۆمەڵێك کتێبی زانستی و ئەدەبی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هونەری.... دەبێت، کۆمەڵە ڕێسای لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەند کراوان لەڕێسای (٤٠)دا دەڵێت ( پێویستە لەهەموو دامەزراوەکاندا کتێبخانەیەکی تایبەت هەبێت بۆ هەموو گروپەکانی نێو بەندیخانە و بەپێی پێویست کتێبی ڕۆشنبیری و ئاسودە بەخش لەخۆبگرێت هانی بەندکراوانیش بدرێت سودی لێوەربگرن)،

٣- ڕۆژنامە: یەکێکە لە کەرەستە ناڕاستەوخۆکان کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەدەستهێنانی ئاما نجەکانی فێرکردن، ئامرازێکیشە بۆ پەیوەندی نێوان بەندکراو و کۆمەڵگە، کە ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی وادەی سزاکەی لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێت، لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵە ڕێسای لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان لەڕێسای (٣٩)دەڵێت ( پێویستە بوار بدرێت بە بەندکراوان لە ڕێگای ڕۆژنامە ڕۆژنامەیەکان یان خولیەکان یان هەر بڵاوکراوەیەکی تایبەتیەوە کارگێری بەندیخانە بڵاوی بکاتەوە، یاخود گوێگرتن لە ڕادیۆکان یان پێ وتنەوەی وانە، یان هەر ڕێگایەکیتر کە کارگێڕی ڕێگە بدات لە ژێر سەرپەرشتی دابێت، بەردەوام ئاگایان لە ڕووداوە گرنگەکان بێت.

٤- چالاکی ڕۆشنبیری و ڕابواردن: مەبەست لەچالاکییە ڕۆشنبیرییەکان هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە کە دەتوانێ پەرە بە ئاستی ڕۆشنبیری و هزری بەندکراوان بدات وەکو بوونی کتێبخانە و وانەوتنەوە و ڕۆژنامە، بەڵام لە دامەزراوە چاکسازییە نوێییەکاندا چالاکی ڕابواردن و دڵنەوایی جۆراوجۆر بۆ بەندکراوان ئەنجام دەدرێت، گرنگترینیان بریتین لە:-

أ- ئەنجامدانی یاری تۆپی پێ لە نێوان دوو تیپدا و بەندکراوانی دیکەش ئامادەی بینینی یارییەکەبن.

ب- سینەما کە هەفتەی یەك جار فیلمی جۆراوجۆر بۆ بەندکراوان پەخش بکات.

ج- ڕادیۆ، بەندکراوان ڕۆژی دووجار دوای نیوەڕۆ و ئێوارە گوێ لە ڕادیۆ دەگرن.

د- یاری شەترەنج،دۆمینە، ... هتد.

هـ- میوزیك بەشێوەیەکی تایبەت.

و- نواندن، وێنەکێشان، پەیکەر تاشین، لایەنێکی دیکە لەسەردەمی ئێستا بایەخێکی زۆر دەدرێت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت بۆ بەندکراون، بەڵام دەبێت ڕێووشوێنی چاودێری پێویست بگرێتەبەر، چونکە لەوانەیە بوار برەخسێت بۆهەندێ چالاکی ناساز.

# شەشەم: پرۆگرامی پەروەردەیی ئایینی و ڕەوشتی

پرۆگرامی پەروەردەیی ئایینی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە لەگەڵ دەزگا سزاییەکان، کاتێك کە تێبینی دەکەین زۆربەی بەندکراوان هۆکاری تاوانیان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی بەهای ئایینی لە ناخیاندا، مرۆڤ لەکاتە تەنگانەکاندا لەخوادا نزیك دەبێتەوە ئەو کاتانەش لە ژیانی بەندکراوان زۆرن، بەتایبەتی لەکاتی پەشیمان بوونەوە و سەرکۆنەکردنی ویژدان،

بەندکراو لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینیەکان و گوێگرتن لە ئامۆژگارییەکان ئاسودەییەکی دەروونی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەمەش وادەکات سور بێت لەسەر بەردەوامبوون لە پەروەردەکردنی ئایینی، دەبێت ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامە بکەوێتە ئەستۆی پیاوێکی ئایینی کە مەرجی زانستی تەواوی دەربارەی ڕێسا ئایینیەکان تێدابێت،

دەبێت بایەخ بە گرفتی بەندکراوەکان بدات، متمانەی بەخۆی هەبێت و یارمەتیان بدات بۆ چارەسەرکردنی.

**گرنگترین ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی ماموستای ئایینی، بریتیین لەمانە:-**

جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکان و پێشکەشکردنی وتاری ئایینی و ناسینی خودا و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ص)و پەرستن و ناسینی ئەو بەها ئەخلاقیانەی کەخەسڵەتە باشەکان لەناو ناخی بەندکراوان دروست بکات، پێویست دەکات ماموستای ئایینی بە بەردەوامی لەوێ کار بکات، بۆ ئەوەی ماموستای ئایینی بتوانێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت دەبێت لە بەندیخانە شوێنێکی تایبەت هەبێت (مزگەوتی بەندیخانە) بۆ ئەنجامدانی ڕێورەسمە ئاینییەکان و وتاردان و کاتی پێویستی بۆ تەرخان کرا بێت.

ئەو بەندکراوانەی کە ئایینەکەیان کەمینەیە لەبەندیخانە دەبێت ئیدارەی بەندیخانە گشت پێداویستیەکانی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینەکان لەگەڵ کتێبە ئاینییەکانیان بۆ فەراهەمکات، لەگەڵ دابینکردنی ماموستای ئایینی کە بەشێوەی خولی سەردانیان بکات.

# حەوتەم: پڕۆگرامی سزای تەمبێکردن و پاداشت :

پڕۆگرامی تەمبێکردن و پاداشت گرنگیەکەی لە سەروەری و پاراستنی سیستەم وەرگرتوە، چونکە بەشێك لە بەندکراوەکان مروڤی توندوتیژن و گرفتی ڕەفتاریان هەیە، وا پێویست دەکات لە کارگێری بەندیخانە پێش سەپاندنی سزای تەمبێکردن و پێدانی پاداشت بەندکراوەکان ئاشنا بکات بە ئەرك و مافەکانیان.

## گوزارشتکردن لە سیستەم لە بەندیخانە دوو مانا لە خۆدەگرێت

١- مانای فراوان ئەم ڕێسایانە لە خۆدەگرێت کە دەستنیشانی ئەو ڕەفتارانە دەکەن کە دەگونجێ لەگەڵ مەبەستەکانی سزا، ئەم ڕێسایانەش فراوانن کە هەموو لایەنەکانی ژیانی بەندکراوەکە دەگرێتەوە و بەشێوەیەك ئاراستە دەکرێ کە بەرەو چاکسازی و ڕاهێنان بچێت، بۆ نمونە جێبەجێکردنی فەرمانەکان و پابەندبوون بە کار و گوێگرتن لە ئامۆژگارییەکان و پاراستی پاك و خاوێنی

٢- مانا تەسکەکەی، بریتییە لەو ڕێسایانەی کە ڕێ لەبەردەم ڕاکردنی بەندکراوان دەگرێت، هێمنی و ئارامیش فەراهەمدەکات بەشێوەیەك ستافی بەندیخانە بتوانێت کارەکانی خۆی بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ئەنجام بدات.

### أ- سزای تەمبێکردن:

سزای تەمبێکردن بریتییە لە برێك ئازار کە ئیدارەی بەندیخانە دەیسەپێنێتە سەر ئەو بەندکراوانەی کە سەرپێچی ڕێسا ناوخۆییەکانی بەندیخانە دەکەن، وای لێدەکەن لە بارودۆخێکدا بێت جیاواز بێت لەوانی تر.

**لەسەردەمی ئەمرۆدا سزای تەمبێکردن سوککراوەتەوە بە شێوەیەك کە میانڕەو و مۆرکی تۆڵەسەندنەوەی پێوە نەماوە، ئامرازێکیش نییە بۆ ڕسواکردنی بەندکراوان، هۆی ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ؟**

١- سووربوونی سیستەمی سزای نوێ لەسەر پاراستنی توانا جەستەییی و عەقڵی و دەروونییەکانی بەندکراو، کەرامەتە مرۆییەکەی لە کاتی جێبەجێکردنی سزا بەگشتی سزای تەمبێکردن بەتایبەتی.

٢- لەلایەکی ترەوە، سزای تەمبێکردن بۆتە سیستەمێکی چاکسازی کە ئامانجی پەروەردەکردنی بەندکراوە لەرێگای بەرپەرچدانەوەی لە ڕەفتاری خراپ و سەرپێچیکردن لە ڕێسا و یاسای ناو بەندیخانە و گەشەکردن بە ئاراستە ئیجابیەکان لە ڕفتاری و پتەوکردنی بەها ئاکارییەکان تا ڕابێت لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی و ڕێزگرتنی سیستەم و پابەندبوون بە ڕێسا ڕەفتارییەکانی نێو بەندیخانە.

- دەبێت ئیدارەی بەندیخانە دان بەمافی بەندکراو بنێت لە گازاندەکردنی ئەو سزایانەی کە بۆی دەستنیشان کراوە لەلایەن دەسەلاتی سزادان، پێداچونەوەی گازاندەکان زۆر گرنگە بەهۆی ئەم دوو خاڵەوە:-

١- دڵنیایی لەسەر ئەوەی کە لیژنەی دیاریکراو دەسەلاتەکەی بەخراپ بەکارناهێنێ لەسزای تەمبێکردن.

٢- بۆ چاککردنەوەی هەر خراپییەکی بەکارهێنانی دەسەلات لەکاتی دەستنیشانکردن و جێبەجێکردنی سزای تەمبێکردن.

بەندکراو کاتێك کە هەستی بە نادادوەری و ستەمکرد یان خراپی مامەڵەکردن دەکات؛ متمانە و ڕێزی بە ئیدارە و سیستەمی چاکسازی نامێنێ ، پێویستیشە کۆمەڵێك مەرج لەسزای تەمبێ کردن فەراهەم بکرێت کە بەشێوەیەك خزمەتی پرۆسەی چاکسازی و ڕاهێنان بکات، کە ئەمەش پێویست دەکات بەنکراو بێبەش نەبێت لە سیستەمی چارەسەرکردن

لەم بوارەدا ڕێسای (٣١)ی لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکروان دەڵێت (تحظر العقوبة البدنية والعقاب بالوضع فى زنذانة مظلمة، وكل العقوبات القاسية وغير الانسانية حظراً تاماً كجزاءات تأديبي).

## ب- سیستەمی پاداشت:

پاداشت بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت بۆ پاراستنی سیستەم لە بەندیخانە و هاندان بۆ ڕەفتاری چاك و سودوەرگرتن لە سیستەمەکانی پەروەردەکردن و ڕاهێنان

## پاداشت دوو جۆری هەیە

پاداشتی ماددی:- بۆنمونە بریتییە لە زیادکردنی ژمارە و ماوەی سەردانە خێزانییەکان یان زیادکردنی ژمارە و ماوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان یان ژمارە و ڕۆژەکانی مۆڵەتی خێزانی

بەڵام پاداشتە مەعنەوییەکان بریتیە لە سپاردنی بەندکراوێك بە ئەرکێك کە پێویستی بە متمانە بێت بە بەندکراوەکە یان بەخشینی سیستەمی ئازادکردنی مەرجدار یان گواستنەوەی لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی بەرزتر لەسیستەمی پلەدار

سیستەمی پاداشت خۆشگوزەرانی و دڵخۆشی لەناو دڵ و دەروونی بەندکراوەکان بەرپا دەکات لە ڕێگای کەمکردنەوەی ناخۆشییەکانی ژیان لە بەندیخانە،

## هەشتەم: پرۆگرامی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە:

ئاڕاستە سزاییە تازەکان جەخت لەسەر پێویستی مانەوەی پەیوەندی دەکەن لە نێوان زیندانەکانی نێو بەندیخانە و جیهانی دەرەکی، چونکە ئامانج لە سزا بریتییە لەدووبارە ڕاهێنان و ئامادەکردنەوەی بەندکراو لە ڕووی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گونجاو، ئەم پەیوەندییە دەبێتەهۆی پاراستنی پەیوەندی نێوان بەندکراو و ئەو کەسەکانەی کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت کاریگەری باشیان لەسەر بەندکراوان هەبێت، ئەمە بە مەرجێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ وەڵامدانەوەی کۆششە چاکسازییەکان

# شێوەکانی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە:

١- سەردانەکان: پێویستە کارگێری زیندانیان رێگا بە خەڵك بدەن سەردانی زیندانیکراو بکەن بەتایبەتی ئەندامەکانی خێزانەکەی و ئەو کەسانەی کە ئەگەری کاریگەری باشیان هەبێت لەسەری، ئەو سەردانانە ملکەچی کۆمەڵێك مەرجە، هەروەها لەژێر چاودێری کارگێری بەندیخانە دەبێت  رۆژ و کاتی سەردانەکە دیاری دەکرێت

دەبێت دەستەی کارگێری شوێنێك دابین بکات کە مەرجەکانی بتوانێ کەرامەتی بەندکراوان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بپارێزێت.

ڕێسای (٣٧) لە ڕێسای کەمترین دەڵێ (پێویستە ڕێگا بە زیندانیکراوەکان بدرێ چاویان بە خێزان و هاورێ باشەکان بکەوێت لە ڕێگای سەردانیکردن).

سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە کوردستان ڕێگا بەسەردانی تایبەت و ئاسایی داوە بۆ ماوەی سێ سەعات لەم حاڵەتانەی خوارەوە:-

١- ئەگەر میوان لەدەرەوەی ئەو پارێزگایە بێت. ٢- ئەگەر میوان بە ئەرکێکی تایبەت ڕاسپێردرابێ. ٣- ئەگەر میوان سەفەر بکات بۆ دەرەوە. ٤- ئەگەر میوان پارێزەر بێت. ٥- ئەگەر سەردانەکە بەمەبەستی غەرامە بەخشین بێت بۆ لەجیاتی زیندانیکراو بێت. ٦- ئەگەر سەردانەکە بەهۆی ڕێنمایی پزیشك بێت. ٧- لەکاتی بۆنەی ئایینی بێت. ٨- ڕۆژی ٨ی مارس کە ڕۆژی جیهانی ئافرەتانە و ڕێگا بە سەردانیکردنی ئافرەتان دەدرێت. ٩- جگە لەوانەش ڕێگا دەدرێت سەردانی زیندانی کراو بکرێ ئەگەر سەلمێنرا کە زیندانیکراوەکە ڕەفتاری باشە لەلایەن دەستەی کارگێریەوە وەکو پاداشت.

## ٢- مۆڵەتی خێزانی (مۆلەتی چوونەماڵ)

**سیستەمی چاکسازی کۆمەلاّیەتی لە هەرێمی کوردستان لەبەشی چوارەمی مادەی (٤٠) مۆلەتی خێزانی تێدایە بۆ بەندکراوە هەرزەکارەکان، ئەویش بەمشێوەیە (بەرێوەبەری گشتی چاکسازی بۆی هەیە مۆڵەت بە بەندکراو بدات بۆ سەردانی ماڵ و خێزانی بۆ ماوەی پێنج رۆژ لە هەرسێ مانگ جارێك، جگە لەرۆژانی گەشت)**

**مەرجەکانی مۆڵەتی چوونە ماڵ بۆ بەندکراو**

**١- تاوانی سزادراو نابێت دەستدرێژیکردن بێت بۆ سەر ئاسایشی ولاّت چ لەدەرەوە یان لە ناوەوە.**

**٢- نابێت زیندانیکراو تاوانی کوشتن یاخود هەوڵی کوشتن یاخود رفاندن ئە نجام دابێ.**

**٣- دەبێت یەك لەسەر چواری ماوەی سزاکەی بەسەربردبێ، دوای کەمکردنەوەی ماوەی ئازادکردنی مەرجدار کە شایەنیەتی بەمەرجێك لەساڵێك کەمتر نەبێت.**

**٤- دەبێت زیندانی ناوبانگی باش بێت لەناو چاکسازی بە پاڵپشتی لیژنەی هونەری و کۆکبوونی ئەندامەکان**

**٥- نابێت ئەو مۆڵەتە ژیانی سزادراو بخاتە مەترسییەوە، وەك ئەوەی دوژمندار بێت .**

مؤلةتى ضوونة مالَ؛ ثةيوةندى زيندانيكراو بة كؤمةلَطا بةهيَزدةكات، هةروةها رِيَطاى ثيَدةدات باشتر بطونجيَت دوايى ئةوةى لة زيندان دةضيَتة دةرةوة، هةروةها ئامرازيَكة بؤ دلَنيايى لة خيَزانةكةى، ئةمةش ئارامى دةخاتة دةروونى كة يارمةتيدةرة بؤ ئامادةكردنى بؤ ضاكسازى و رِاهيَناني، يارمةتيدةدات كة ثةيوةندى بة خاوةن كار بكات تاوةكو دواتر كارةكةى بؤ بطةرِيَتةوة، يان تشكنينى ثزيشكى.

ئەگەر مۆڵەتی چوونە ماڵ ئامرازێك بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەركانە، هەروەها ئامرازێكیترە بۆ دەستەبەركردنی ئەو سودانەی خوارەوە:-

١) پاراستنی قەوارەی خێزان.

٢) دروستكردنی پردی گونجان لەنێوان بڕیار لەسەر دراو و كۆمەڵگا.

٣) دروستكردنی كەشێكی پڕ لە متمانە و ڕێزگرتن لەنێوان بڕیار لەسەر دراو و دەستەی كارگێری بەندیخانە.

٤) ڕاهاتنی بریار لەسەردراو لەسەر پابەندبوون بە سیستەم و یاسا و سەقامگیری.

٥) دوورخستنەوەی بریار لەسەردراو لەشۆكی گواستنەوەی لەناكاو لە زەوتكردنی ئازادی بۆ ئازادیەكی ڕەها.

٦) كەمكردنەوەی ئاسەواری دەروونی بەهۆی سەندنەوەی ئازادی ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی توانا جەستەیی و عەقڵی و دەروونی و كۆمەڵایەتییەكانی بەندكراوان.

٧) بەرقراركردنی ئارامی لەنێو بەندیخانە، لە ڕێگای هاندانی بەندكراو و سوودوەرگرتن لە پرۆگرامی چاكسازی تا سودمەندبێت لە سیستەمی مۆڵەتی چوونەماڵ.

## ٣- ئامرازەكانی ڕاگەیاندن

دەستەی چاكسازی و كۆمەڵایەتی ڕێگای بە بڕیارلەسەردراو دەدات، ئامرازەكانی راگەیاندنی بینراو و بیستراو بەكاربهێنن، وەكو دانپێدانانێك لە كاریگەری ئەم ئامرازانە كە پەیوەندی نێوان بریار لەسەردراو و كۆمەڵگا دەپارێزێ ، بە ئامرازێك دادەنرێت بۆ بریار لەسەردراو بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی كۆمەڵگا و جیهانی دەرەوە، ئەمەش وای لێدەكات هەست بەوە بكات كە هێشتا بەشێكە لەو كۆمەڵگایە و لێی دانەبڕاوە، لەسەر دەستەی چاكسازی پێویستە پێداویستیەكانی ئەو ئامرازانە دەستەبەر بكات لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تیڤی و سەتەلایت و ئینتەرنێت و ڕادیۆ ... هتد، هەروەها شوێنی گونجاو بۆیان دیاری بكات، لەگەڵ ماوەی و كاتەكانی بەكارهێنانیان.

# ٤- پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان:

بە یەکێك لەو ئامرازانە دادەنرێت کە پەیوەندی نێوان بڕیار لەسەردراو و خێزانەکەی دەپارێزێت، ئەمە لە پاڵ ئەوەی کە زۆر جار تەلەفۆن جێگای سەردان دەگرێتەوە لەو حاڵەتانەی کە خێزانەکانیان لەشوێنی دوورن،

ئەو ئامرازانە بە گرنگ دادەنرێت بۆ لەناوبردنی حاڵەتەکانی دڵەڕاوکێ و ترس کە دووچاری بڕیارلەسەردراو دەبێت، بەهۆی ئە نجامی ئامادەنەبوونی ئەندامێك لەکاتی سەردان ئینجا بەهۆی نەخۆشی یاخود بەهۆی هەر هۆیەکیتر بێت

بۆ ئەوەی ئەم ئامرازە بتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات" دەبێت کارگێری شوێنی دیاریکراو بۆ دەستنیشان بکات، کە لە چەندین کابینە پێکدێت بە شێوەیەك متمانە بە بڕیارلەسەردراو دەبەخشێ لەکاتی قسەکردن، لە پێناو خۆپاراستن لە بەکارهێنانی خراپ، دەبێت بکەوێتە ژێر چاودێری ناڕاستەوخۆ.

لە ڕێگای چاودێریکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکان دەستەی کارگێری بەندیخانە دەتوانێ پلان و پرۆژەکانی زیندانەکان بزانێت.

**نۆیەم: بینای بەندیخانە:**

بینای بەندیخانە پەرەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی، بەهۆی ئەو پەرەسەندنەی بەسەر ئامانج و مەبەستەکانی سزادا هات، کاتێك کە مەبەستی سزا تۆڵەسەندنەوە بوو و، ئەرکی بەندیخانە دوورخستنەوەی بەندکراو بوو لە کۆمەڵگادا، لەو کاتەدا بیناکانی بەندیخانە هیچ مەرجێکی تەندروستی و مرۆییان تێدا فەراهەم نەدەکرا، هەندێکیشیان لەژێر زەوی و لە شوێنی تاریك و شێدار بوون،

بەڵام دوای ئەوەی کە مەبەستە سەرەکییەکانی سزا گۆڕانی بەسەردا هات لە ترساندن و تۆقاندن بووە چاکسازی و ڕاهێنان، ئیتر بەهەمان شێوە بینای بەندیخانە لەڕووی دیزاین و پێکهاتەوە ڕووی لە فەراهەمکردنی مەرجە تەندرووستی و مرۆییەکان کرد، جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی کاری چاکسازی لەگەڵ فەراهەمکردنی بارودۆخێکی گەشبین و هیوا بەخش بۆ دوا ڕۆژ لەلای بەندکراوان، ئەمەش وای لە دەوڵەت کرد کە بینای تایبەت بە بەندیخانە دروست بکات،

ئاراسته سزاییه نوێییه‌كان ده‌ڵێن هه‌ندێك مه‌رجی گشتی هه‌یه ده‌بێت له‌بینایه‌ی به‌ندیخانه‌دا فه‌راهه‌م بكرێت.

١.ئاماده‌كردنی بینای به‌ندیخانه به‌شێوه‌یه‌ك بتوانرێت به‌كاربهێنرێت بۆ چاكسازی و ڕاهێنانی به‌ندكراوان به شێوه‌یه‌كی فراوان.

٢.ده‌بێت ئاستێكی مرۆیی له بینای به‌ندیخانه فه‌راهه‌م بكرێت، به‌شێوه‌یه‌ك به‌ندكراوان دووربخاته‌وه له ڕوخساره‌كانی ڕسواكردن و خه‌مۆكی.

٣.پێویسته بینای به‌ندیخانه به‌ره‌و پسپۆری بروات، به‌شێوه‌یه‌ك هه‌ر بینایه‌ك بۆ توێژێكی دیاریكراو له به‌ندكراوان دروست بكرێت كه له‌گه‌ڵ تایبه‌تمه‌ندی و بارودۆخیان بگونجێ، بۆنمونه ئه‌گه‌ر توێژی به‌ندكراوان له تاوانباره ترسناكه‌كان و ماوه سزاییه درێژه‌كان بوون ده‌بێت بینای به‌ندیخانه به‌شێوه‌یه‌كی داخراو دروست بكرێت، به‌شێوه‌یه‌ك ڕێ له ڕاكردنی به‌ندكراوان بگرێت.

**یه‌كه‌م/ شوێنی بینایه‌ی به‌ندیخانه:** بینایه‌ی به‌ندیخانه گرنگییه‌كی یه‌كجار زۆری بۆ سیسته‌می سزای نوێ هه‌یه، ئه‌ویش به‌هۆی كاریگه‌ری له‌سه‌ر پرۆسه‌ی چاكسازی، بۆیه پێویسته بایه‌خێكی یه‌كجار زۆر بدرێت به هه‌ڵبژاردنی شوێنی بینای به‌ندیخانه كه ئه‌ویش ده‌بێت له ده‌ره‌وه‌ی شار بێت له‌به‌ر ئه‌م هۆیانه:-

١- ڕێگا ده‌دات به فراوانكردنی ڕووبه‌ری به‌ندیخانه هه‌ركاتێك كه پرۆسه‌ی چاكسازی پێویستی به فراوانكردن هه‌بوو.

٢- ڕێگا ده‌دات به كاركردنی به‌ندكراوان له بارودۆخێكی سروشتی و گونجاو واتا له ده‌ره‌وه.

٣- ده‌بێته به‌ربه‌ستێك له به‌رده‌م ڕاكردنی به‌ندكراوان، واتا هه‌وڵی ڕاكردن ئه‌سته‌م ده‌بێت كاتێك كه بینای به‌ندیخانه له‌ده‌ره‌وه‌ی شار بێت له‌به‌ر ئاسانی ئاشكراكردن و ده‌سگیركردنی ڕاكه‌ر.

٤- بارودۆخێكی هێمن و ئارام بۆ به‌ندكراوان فه‌راهه‌م ده‌كات، دووریان ده‌خاته‌وه له كێشه‌و گرفته ده‌روونییه‌كان به‌هۆی گوێ بیستن له ده‌نگه ده‌نگی شار.

٥- دووریان ده‌خاته‌وه له یادگارییه‌كانی شار و شوێنی ئه نجامدانی تاوانیان.

به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا نابێت زێده‌ڕۆیی له فه‌راهه‌مكردنی ئه‌م مه‌رجانه بكرێت واتا هێنده دوور نه‌بێت له شاركه ئامرازه‌كانی گه‌یاندن و گواستنه‌وه تیایدا فه‌راهه‌م نه‌كرێت، چونكه ئه‌مه ده‌بێته هۆی ڕێگرتن له‌به‌رده‌م ئه نجامدانی ئه‌ركه‌كانی سه‌رشانی ستافی كاركردن له به‌ندیخانه

**دووەم/ پێکهاتەی بینای بەندیخانە :** لەبەر بوونی توێژی جیاواز لە بەندکراوان لەنێو بەندیخانەدا پێویستە بینای جۆراوجۆر فەراهەم بکرێت، بەپێی ژمارەی توێژی بەندکراوان، هەر بینایەکیش لەگەڵ پێویستی چاکسازی و بارودۆخی توێژەکە بگونجێت.

بەلآم دەبێت بیناکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت تا ئیدارەی بەندیخانە بتوانێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەرپەرشتیان بکات، پێویستە شوێن بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی پەروەردە و راهێنان فەراهەم بکات،

پێویست دەکات شوێن دەستنیشان بکرێت بۆ کاری پیشەسازی و کشتوکاڵ و بۆ جێبەجێکردنی رێورەسمە ئاینییەکان لەگەڵ شوێنی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی سزای تەمبێکردن و فێرکردنی گشتی و هونەری و کتێبخانە و هۆڵی وەرزشکردن و یاریگاو هۆڵی سینەما و مۆسیقا، لەگەڵ فەراهەم کردنی شوێنی تایبەت بە پێشوازیکردنی بەندکراوان بۆ لیژنەی پشکنین و پۆلێن کردن، لەگەڵ شوێنی تایبەت بە بنکەیەکی تەندروستی، یەکەی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، بنکە ئیدارییەکان لەگەڵ شوێنی حەوانەوەی ئەو فەرمانبەر و پاسەوانانەی کاریان وا پێویست دەکات کە بمێننەوە لە بەندیخانە.

بۆ پاراستنی خەسڵەتە هونەری و تەندروستیەکانی بینای بەندیخانە دەبێت بەشێوەیەکی خولی نۆژەن بکرێتەوە.

**سێیەم/ قەبارەی بینای بەندیخانە :** دەبێت بەندیخانە قەبارەکەی بەشێوەك بێت کە رێگای لەخۆگرتنی بەندکراوان و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی چاکسازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تیادابێت،

نابێت بەهیچ شێوەیەك ئیدارەی بەندیخانە لەو رێسا تەندروستییەی کە بریاری لەسەر دراوە دەربچێت و دەزگاش لەسەروی توانای بەندیخانە بەندکراوان وەربگرێت، لەبەرئەوەی ئەو بەندیخانەی کە شوێنی بەندکراوان تەسك دەکات و قەرەباڵغی دروست دەکات، دەبێتە هۆی لەدەستدانی خەسڵەتە تەندروستییەکان و ئەرکە چاکسازی و کۆمەلأیەتییەکان و کەمکردنەوەی توانای لە چارەسەرکردن.

# دەیەم: سیستەمی بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی:

لەسەردەمێکی وەکو ئەمڕۆ ئەرکی بەڕێوەبردنی فەرمانگە چاکسازییەکان بریتی نییە لە زەوتکردنی ئازادی تاوانباران و ڕێگەگرتن لەڕاکردنیان، بەڵکو ئەرکە نوێکەی بریتییە لە بەکارهێنانی ماوەی زەوتکردنی ئازادی بۆ پەروەردەکردن و چاکسازیکردن و ڕاهێنانی بەندکراوان لە ڕێگای جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی چاکسازی بەسەریدا، ئەویش پشت بەستن بە ستافێکی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ لە بواری بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی.

١- دروستکردنی ئیدارەی سزایی ناوەند: بوونی سیستەمێکی سزایی تەندروست، تەنیا پەیوەست نییە بە بوونی فەرمانگەی چاکسازی و بوونی ستافێکی تایبەت بە فەرمانگەکە، بەڵکو پەیوەستە بەبوونی ئیدارەیەکی ناوەند کە کۆنترۆڵی فەرمانگە چاکسازییەکان بکات و چاودێریەکی تەواویان لەسەر دادەنێ و هەماهەنگی لە نێوانیاندا دروست دەکات

گرنگییەکەشی بریتییە لە: (١) نەخشە بۆ سیاسەتی سزایی گشتی دادەنێت بە پشت بەستن بە تیۆرە زانستییە نوێیەکان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخی کۆمەڵگا. (٢) چاودێری کارەکان دەکات لە فەرمانگە چاکسازییەکان و هەماهەنگی لە نێوانیاندا دروست دەکات بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکەی. (٣) دەستنیشانی پسپۆڕی هەر فەرمانگەیەك دەکات. (٤) هەڵدەستێت بە مەشق پێکردنی فەرمانبەرانی فەرمانگە چاکسازییەکان. (٥) لە کۆتایدا یەکێك لە ئەرکەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە سزاییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو سیاسەتە سزاییە جێبەجێ کراوە لە فەرمانگە چاکسازییەکان، لەگەڵ پەرەپێدانی بەشێوەیەك لەگەڵ ئامانجی سزا بگونجێ.

٢- دروستکردنی ئیدارەی فەرمانگەی چاکسازی: کارکردن لە فەرمانگە چاکسازییەکان پەیوەستە بە بوونی ستافێکی بەڕێوەبردنی تایبەت کە لە بەڕێوەبەر و دوو یاریدەدەری؛ یەك لە بواری هونەری و ئەویتریش لەبواری کارگێری لەگەڵ ژمارەیەك (پاسەوان و دەستەی کارگێڕی بوونی ستافێکی دیاریکراو لەبواری هونەریدا).

٣- ڕێساکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی ئافرەتان: لێرەدا پێویست دەکات بەشی چاکسازی ئافرەتان دوور بخرێتەوە لەو هۆکارانەی کە دەبنەهۆی بڵاوبونەوەی بەدڕەوشتی کە ئەگەری زۆری هەیە تیایدا ڕووبدات بەهۆی لاوازی لە پێکهاتەی ئاکاری بەندکراوان لەلایەکەوە، نەبوونی توانای جەستەیی لە ڕووبەڕوبونەوەی هەر هەڕەشەیەك لەلایەکی دیکەوە

پێویستە ئەم بەشانە لەلایەن ستافی ئافرەتەوە لە بواری کارگێری و هونەریدا بەڕێوە بچێت، بەلأم ئەمەش بەمانای ئەوە نییە کە ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەك پشت بە ستافی پیاو ببەستین بۆ کارکردن لەم بەشانەدا، کاتی پێویست دەبێت پشت بەستن بەڕەگەزی نێرینە.

٤- تفتیش (پشکنینی بەندیخانەکان): پێویستە مامەڵەی چاکسازی بخرێتە ژێرچاودێرییەکی کارا بۆ دوورخستنەوەی لە خراپ بەکارهێنانی دەسەلأت لەلایەن ستافی بەڕێوەبردنیەوە لەسەر بەندکراوەکان،

ئەو چاودێرییەش ئیدارەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبردنی سزایی ناوەند پێی هەڵدەستێن، دوو جۆری هەیە یەکەمیان چاودێری گشتی بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی دەکات، جۆری دووەم چاودێری تایبەت فارمانگەی چاکسازی لەبواری هونەریدا دەکات.

ڕێسای (٥٥) لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان ئەرکی پشکنینی کارەکانی دەستنیشانکردوە و دەڵێت بۆ دڵنیابون لە بەڕێوەبردنی فەرمانگە چاکسازییەکان بەپێی ڕێسا و ڕێنماییەکان و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی چاکسازی.

٥- ڕێساکانی هەڵبژاردنی فەرمانبەران یان کرێکاران بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی: لە سەردەمێکی وەکو ئەمڕۆدا ڕێگا نادرێت بەهەر کەسێك کە لە فەرمانگەی چاکسازی کار بکات، تەنیا ئەو کەسانەی کە زانست و ئەزموون و شارەزاییان تێدا فەراهەم کراوە

- ئەم ڕێسایانەش بریتین لە:١- پسپۆری لە کارکردن. ٢- خۆ تەرخانکردن. ٣- خەسڵەتی مەدەنی یان شارستانی. ٤- فەرمانبەری دەوڵەت.

# پابەندییە سەپێنراوەکانی سەر فەرمانبەران لە فەرمانگەکانی چاکسازی

١. ڕەفتاری فەرمانبەر لە فەرمانگەی چاکسازیی: ئەرکی فەرمانبەر لە فەرمانگەی چاکسازی ڕەفتارێکی دیاریکراو لەسەر فەرمانبەران دەچەسپێنێ، فەرمانبەر ناتوانێ بە ڕۆڵە پەروەردەیەکەی خۆی هەڵبستێ ئەگەر هاتوو ڕەفتاری یەك نەبێت لەگەڵ ئەوەی کە داوا لە بەندکراوان دەکات کە تیایاندا فەراهەم بکرێت، لەلایەکیترەوە ئەو پابەندییە بە سەرچاوەیەکی ناراستەوخۆ دادەنرێت لە پەروەردەکردنی بەندکراواندا، چونکە بەندکراوان بەردەوام چاودێری لەسەر هەڵسوکەوتی فەرمانبەران دادەنێت وەکو پێشەنگ سەیریان دەکەن.

پێویستە ڕەفتاری فەرمانبەران بەرزبێت و هەڵسوکەوتیشی تەندروست بێت و ئاکاریشی قبولکراو بێت.

٢. پێویستە فەرمانبەرانی فەرمانگەی چاکسازی دووربکەونەوە لە هەر شتێك کە ببێتە هۆی زیادکردنی ئازاری بەندکردن کە یاسا دەستنیشانیکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دووربکەونەوە لە ڕەفتارەکانی توندوتیژی بەرامبەر بەندکراوان لەگەڵ دورکەوتنەوە لە جنێودان و بەکارهێنانی قسەی ناشیرین و جیاوازیکردن لە مامەڵەکردن لە نێوان بەندکراوان،

هەروەها پێویستە فەرمانبەرانی فەرمانگەی چاکسازی دووربکەونەوە لەو ڕەفتارانەی کە دەبێتەهۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتیان دژ بە بەندکراوان

لەکۆتاییشدا پێویست دەکات فەرمانبەرانی فەرمانگەی چاکسازی دوربکەونەوە لە دروستکردنی پەیوەندی تایبەتی چ لەگەڵ بەندکراو چ لەگەڵ ئەندامانی خێزان.

# تەوەرەی دووەم: پێداویستییە دەرەکییەکانی کاری چاکسازی

## یەکەم: سیستەمی ئازادکردنی مەرجدار:

ئازادکردنی مەرجدار: مەبەست لە ئازادکردنی بەمەرج هەڵپەساردنی جێبەجێکردنی سزای تاوانەکەیە پێش بەسەربردنی تەواوی ماوەی سزاکەی، لەو کاتەی کە هەندێ مەرج لە سزادراو هەبێت و سزادراو پابەند بێت بەو ڕێوشوێنانەی کە لەسەری دەسەپێندرێت، ڕێزیان لێ بگیرێت

ئەم ڕێوشوێنانەی کە بەسەری دەسەپێنرێت کە لەوانەیە لادان لێی بیگەڕێنێتەوە بۆ دەزگا سزاییەکان.

پێناسەی ئازادکردنی مەرجدار: بریتییە لە تەنها گۆڕانکاری لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی سزا لە جیاتی ئەوەی کە لە ناوەندێکی داخراو جێبەجێ بکرێت لە ناوەندێکی ئازاد جێبەجێ دەکرێت.

گرنگی ئازادکردنی مەرجدار:

١) گرنگی ئازادکردنی بە مەرج بۆ سزادراو: ئازادکردنی بە مەرج بەسیستەمێکی چالاك دادەنرێت لە چاکسازی و شیاندنەوەی تاوانباران کەدەتوانین لەچەند خاڵێکدا کۆیان بکەینەوە ئەوانیش:

أ- دەسەڵاتی پسپۆر دەتوانێت ئازادکردنی بەمەرج بەکاربهێنێت بۆ چاکسازیکردن و چاندنی بەها و خورەوشتی چاك لە دەروونی سزادراواندا، تاوەکو بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگا، وەکو ڕەگەزێکی چالاك و ڕۆڵەیەکی بەسود.

ب- ئازادکردنی بەمەرج سزادراو دەگوازێتەوە (لەژیانێکی نێو بەندیخانە کە ئازادی لێ سەندراوەتەوە) بۆ (ژیانێك لەنێو کۆمەڵگا کە ئازادییەکی سنورداری پێ بەخشراوەتەوە و چاوەڕوانی وەرگرتنی ئازادی تەواوەتییە)

ت- ئازادکردنی بەمەرج پاڵ بە سزادراو دەنێت کە پشت بەخۆی ببەستێت لەنێو کۆمەڵگادا و ژیانێکی سەربەرزانە بژیت و دووربکەوێتەوە لە هەر ڕەفتارێك کە پێچەوانەی یاسا بێت.

پ- سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج گرنگییەکی تری بۆ سزادراو ئەوەیە کە دوای ئازادکردنی سزادراو و گەڕانەوەی بۆ نێو کۆمەڵگا سەرپەرشتیارێکی بۆ دەستنیشان دەکرێت بۆ دۆزینەوەی کار و یارمەتیدانی لە ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردن و دوورخستنەوەی لەو کێشە و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

ج- ئازادکردنی بەمەرج پاڵ بەبەندکراو دەنێت کە متمانە بەخۆی بکات و هەست بەبەهای خۆی بکات لە کۆمەڵگا، لەسەر ژیانێکی شەریف ڕابێت.

٢- گرنگی ئازادکردنی بەمەرج بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە: جێبەجێکردنی سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج ئەرکێکی قورسی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەیە، کە پێویستە لەسەریان هەموو تواناکانییان بخەنە گەڕ بۆ پۆلێنکردنی سزادراوان و چاودێریکردنیان و ڕێکخستنی ڕا پۆرتی وەرزی و کۆتایی تایبەت بە سزادراوان و ئاراستەکردنیان بەرەو ڕەفتاری چاك

- لەلایەکیترەوە چەندین سودی بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە هەیە، کە بریتیین لەم خالانە:

١) ئازادکردنی بەمەرج پالْ بەسزادراوان دەنێت کە پابەندبن بەو ڕێسا و ڕێنماییانەی کە لە فەرمانگەی چاکسازی هەیە، پابەندبوون بەو ڕێنماییانە ڕێگا خۆشدەکات کە ئازادکرادنی بەمەرج وەربگرێت، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی سیستەم لە بەندیخانە.

٢) ئازادکردنی بەمەرج یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی ئەم قەڵەبالْغییەی کە لە بەندیخانەکاندا هەیە.

٣) ئازادکردنی بەمەرج یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی ئەو پارەیەی کە بۆ ژیانی سزادراو لە چاکسازی خەرج دەکرێت.

٤) ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی ستافە هونەرییەکان لە بارودۆخێکی هێمن و ئارام کارەکانیان ئەنجام بدەن.

٥) جێبەجێکردنی سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج پالْ بە لایەنی دەستەی هونەری و کارگێری بەندیخانە دەنێت، کە گرنگی تەواو بدەن بە ئەنجامدانی پرۆسەی پشکنین و پۆلێنکردنی بەندکراوان و بەرزکردنەوەی ڕا پۆرت لەسەریان.

٦) بەشداری دەکات لە کەمکردنەوەی ئەگەری گەڕانەوە بۆ تاوان.

- **مەرجەکانی سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج**

ئەگەر ئازادکردنی بەمەرج سیستەمێکی یاسایی و جیاکەرەوە بێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئازادکردنی بەمەرج نادرێت بە هەموو سزادراوێك، تەنها بەم سزادراوانە نەبێت کە هەندێ مەرجی دیاریکراو هەیە" دەبێت تیایدا بەدی بکرێت

**١- مەرجی پەیوەست بەو ماوەی کە سزادراو لەبەندیخانە بەسەری بردووە، لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

أ- پێویستە سزادراو سێ بەشی ماوەی سزاکەی لە بەندیخانە بەسەربردبێت.

ب- ئەو ماوەیەی بەندکراو لە بەندیخانە بەسەری دەبات لە (٩)مانگ کەمتر نەبێت.

ت- ئەگەر هاتوو سزاکانی یەك لەدوای یەك بن ئەوا ماوەکەی لەسەر بنەمای کۆی سزاکان ئەژمار دەکرێت.

## ٢- مەرجی پەیوەست بە سزادراو لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

أ- سزادراو دەبێت ڕەفتاری باش بێت: ئازادکردنی مەرجدار هەر لەسەرەتاوە وەکو جۆرێك لە پاداشت پێشکەشی بە سزادراوان کراوە بەهۆی باشی ڕەوشت و ڕەفتاری لە دامەزراوە سزاییەکان، بەلاّم دواتر گۆڕا بۆ سیستەمی شیاندنەوەی سزادراو، لەگەڵ ئەوەشدا باشی ڕفتاری سزادراو وەکو مەرجێك لە مەرجەکانی ئازادکردن مایەوە، ئەم مەرجەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دووبارە شیاندنەوەی لە نێو کۆمەڵگا و گونجاندنی لەگەڵیدا

ب- جەختکردنەوە لە دووبارە پابەندبوونی سزادراو بە پرۆگرام و مامەڵە سزاییەکان و سود وەرگرتن لێیان کە لەدامەزراوە سزاییەکاندا هەیە و هاوکاری سزادراو دەکات بۆ دووبارە گونجاندنەوەی لەگەڵ کۆمەڵگا.

ت- ازادکردنی بە مەرجی سزادراو نەبێتەهۆی مەترسی لە ئاسایشی گشتی وولاّت، بە بۆچوونی هەندێك لەیاسادانەران ئازادکردنی بەمەرج هەندێك جار دەبێتەهۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی ولاّت لە چەندین حالّەتدا لەوانە (ترس لە دەستدرێژی کردنی کەسێك بۆ سەر سزادراو کە کێشەی لەگەڵی هەبوە یان دەستدرێژی کردنی سزادراو بۆ سەر شایەتدەر، یاخود سزادراوی ئازادکراو ڕێککەوتبێت لەگەڵ هاوڕێکانی ڕاستەوخۆ چالاّکی تاوانکاری ئەنجام بدەن، یاخود ترسی کاریگەری ئازادکردنی ئەم سزادراوە بۆ سەر ڕای گشتی).

پ- دەبێت سزادراو پابەندبوونە داراییەکانی کە پێی سزادراوە جێبەجێ بکات کە لە دادگا تاوانییەکانی بۆی دانراوە، ئەم پابەندیانەش بریتییە لە قەرەبوکردنەوەی قوربانی تاوان و پێبژاردنی دارایی، ئەم مەرجەش تەنها بۆ ئەوە دادەنرێت تاکو سزادراو هەست بە پەشیمانی بکات

ج- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڕیار لەسەردراو بۆ دانانی لە سیستەمی ئازادکردنی مەرجدار، چونکە ڕازی نەبوونی بەندکراو بە مانای بوونی کێشە و گرفت دێتە بەردەمی، چونکە ئەگەری تاوان بەرامبەری دروستدەکات، یان بە پێچەوانەوە بەندکراو بەرامبەر بە کەسانێتر تاوان بکات.

# ئەو سزادراوانەی کە ئازادکردنی مەرجدار نایانگرێتەوە ئەمانەن:

أ- تاوانباری دووبارە گەڕاوە بۆ تاوان.

ب- سزادراو سزا درا بێت بە تاوانی دژ بە ئاسایشی وولاّت، یان تەزویرکردنی دراو یان بەلّگە داراییەکانی حکومەت.

ت- سزادراو سزا درابێت بە تاوانی نێربازی یاخود دەستدرێژی کردنە سەر نامووسی ئافرەت بەبێ ڕازیبوونی یاخود دەستدرێژی کردنە سەر کەسێك تەمەنی لە (١٨) سالّ تێپەری نەکردبێت، یاخود تاوانی جووتبوونی ناشەرعی یاخود دەستدرێژیکردنی سێکسی لەگەلّ کەسانی ناو خێزانی خۆی یان بلاّوەپێکردنی بەدڕەوشتی لەنێو کۆمەلّگا.

پ- سزادرابێت بە کارپێکردنی قورس یاخود بەندکراو بەهۆی تاوانی دزیی و بردنی سامانی وولاّت بەندکرابێت، هەروەها ئەگەر پێشوتریش حوکم کرابێت بەم تاوانانە.

## ٣- مەرجی پەیوەست بەلایەنی پەیوەندیدار بە پێدانی ئازادکردنی بەمەرج:

زۆر لەبیروراکان پێیانوایە کە کاروباری ئازادکردنی بەمەرج بدرێت بە بەرێوەبەرایەتی فەرمانگە سزاییەکان لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەم سیستەمە تەنیا هەموارکردنێکە، یاخود شیوازێکە بۆ گۆرینی مامەڵەی سزایی کە فەرمانگە سزاییەکان هەڵیانگرتوە، ئەم فەرمانگەیە بەهۆی نزیکی پێگەکەی لە سزادراوان زیاتر شارەزاترە یاخود بە تواناترە لە راوەستان و تێگەیشتنی کاروباری سزادراوان لە پێشکەوتنی کەسایەتی سزادراو و رادەی شیاوی بۆ وەرگرتنی ئەم سیستەمە، هەروەها تێگەیشتنی تەواوی هەیە لەوەی تاچەند سزادراو دەتوانێ لە تاییە تمەندیەکانی ئەم سیستەمە سوود وەربگرێت.

چاودێری کردن، واتە سەرپەرشتی رفتاری سزادراوی ئازادکراو لە کارکردن و بەسەربردنی کاتەکانی بەتاڵی و لێکۆڵینەوە لەو کارانەی کە دەیکات تا چەند پابەندە بەو رێنماییانەی کە لەسەری سە پێندراوە، بەڵام یارمەتی و هاوکاریکردن بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکاری ماددی بۆ سزادراوی ئازادکراو بۆ دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی، یاخود کارێك یان رێنماییکردنی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی.

سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج هەندێ مەرج دەخاتەسەر سزادراوی ئازادکراوی بەمەرج تاکو پابەندبێت

ئەم پابەندیانەش بریتین لە رەفتاری چاك و نیشتەجێبوون لە شوێنێکی دیاریکراو و، نەگۆرینی شوێنی نیشتەجێبوون بەبێ پرسی لایەنی چاودێریکەر، گەران بەدوای کار و ئە نجامدانی چارەسەری پزیشکی، نەچوون بۆ هەندێك شوێنی خراپ و پەیوەندی نەکردن بە ناوەندە تاوانکارییەکان، یاخود هەرشتێ کە پەیوەندی بەتاوانەوە هەبێت و خۆنیشاندانی سزادراوی ئازادکراو بەلایەنی چاودێریکەر" هەفتەی جارێك یان مانگی جارێك را پۆرتێك پێشکەش بکات لەسەر بارودۆخی خۆی بەلایەنی پەیوەندیدار بەئازادکردنی بەمەرج،

بۆیە لادان لەم مەرج و رێنماییانەی کە باسکراوە لەلایەن سزادراوی ئازادکراوە" کاتێ ئازادکراو پێشلکارییەك یاخود رەفتارێکی تاوانکاری ئەنجامدا ئەوا ئازادکردنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و دووبارە دەگەرێندرێتەوە بۆ بەندیخانە بۆ بەسەربردنی ئەو ماوەییەی کە سزاکەی ماویەتی وەکو هەڵوەشاندنەوەی بریاری پێدانی ئازادکردنی بەمەرج بە بریاری بەرێوبەری گشتی بەندیخانەکان دەبێت لەژێر رۆشنایی بریاری دادگایە کە داوا دەکات ئەم برِیارە هەڵبوەشێتەوە، هەروەها دەبێت شانبەشانی برِیارەکە هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی برِیارەکەش روون بکاتەوە.

# دووەم: پرۆگرامی چاودێری دوایینە:

مەبەست لێی چاودێریکردنی ئازاد کراوە دوای بەجێهێشتی فەرمانگەی چاکسازی و درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆی، تا بتوانێ بگونجێتەوە لەگەڵ کۆمەڵگا و دوور بکەوێتەوە لە سەرپێچیکردنی یاسا.

پرۆسەی چاکسازی کۆتای نایەت بەکۆتایی سزا، واتە بە ئازادکردنی بەندکراو بەردەوام دەبێت" تا ئازادکراو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پیشەیی جێگیر وەردەگرێت، لەبەرئەوەی ئەو کاتەی کە بەندکراو ئازاد دەکرێت ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و گرفت دەبێتەوە

وەك ئەستەمی گونجان لەگەڵ ژیان دوای ماوەی بەندکردن و راهاتن لەسەر بێ بەشبوون لەو ئازادی و گۆرانکارییە ئابووری و کۆمەلایەتیانەی کە رووبەرووی ئازادکراو دەبێتەوە و، قبوڵنەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆیان و ئارەزوونەکردنیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیانٚ بەهۆی لەکەی تاوانیان.

هیچ کەسێك ئامادەیی تیادا نیە کە خاوەن رابردووە تاوانییەکانی لەلای خۆیان کار پێ بکات، ئەمە جگە لەوەی کە دەرگای کاری فەرمیشیان بەڕوودا دادەخرێت بەهۆی ئەو مەرجانەی کە پەیوەستە بەم کارەوە،

بەم شێوەیەش ئازادکراو خۆی بەرامبەر کۆمەڵێك گرفت دەبینێتەوە پێی دەگوترێت قەیرانی ئازادکردن، ئەمەش دووبارە پاڵی پێوەدەنێت بۆ دووبارە گەرانەوەی بۆ تاوان لەژێر فشاری دابینکردنی پێداویستی ژیان، ئەمەش ئەو کاتە روودەدات کە بێبەش دەبێت لە ژیانێکی شەرەفمەندانە و ناوەندێکی کۆمەلایەتی قبولکراو، بۆیە ئەمەش پاڵی پێوەدەنێت بۆ چوونە نێو نێوەندێکی کۆمەلایەتی قبوڵنەکراوی لادەرانە کە بەدیلێکی ئاسانە بۆی.

لەسەر دەوڵەت پێویستە هەموو هۆکارێکی گەرانەوە بۆ ژیانێکی سروشتی فەراهەم بکات لە رێگای دابینکردنی چاودێری بە هەموو شێوازەکانی، ئینجا چ ماددی بێت وەك دابینکردنی دارایی یان فەراهەم کردنی دەرفەتی کار و پێشکەشکردنی جلوبەرگ یان فەراهەمکردنی شوێنی حەوانەوە یان چارەسەری پزیشکی کە پێویستیان پێی هەیە و ناتوانن فەراهەمی بکەن،

یاخود یارمەتی مەعنەوی وەکو ئامۆژگاری و رێنمایی و ئاراستەکردنی و یارمەتیدانیان بۆ رووبەرووبونەوەی ژیان دوای ئازادکردنی یان چۆنیەتی زاڵبوونی بەسەر ئەو گرفتانەی کە رووبەروویان دەبێتەوە، هەموو ئەوانە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی مەترسی گەرانەوە بۆ تاوان، بۆیە لەسەر دەوڵەت پێویستە بەرێوبەرایەتییەك یان بەشێك لەناو چاکسازی بکاتەوە تایبەت بە پێشکەشکردنی چاودێری بۆ بەندکراوان دوایی ئازادکردنیان، هەروەها ئەرکی دەوڵەتە کە رای گشتی لە گرنگی هاوکاریکردنی ئازادکراوەکانی ئاگادار بکاتەوە و زێدەڕەوی نەکرێت لە پەراوێزخستن و قێزەوەنکردنیانٚ

# پرسـیار؟



# ســــوپـاس



thank you
danke
謝謝
ngiyabonga
teşekkür ederim
gracias
спасибо
dank je
mochchakkeram
go raibh maith agat
dziękuję
bedankt
obrigado
sukriya
kop khun krap
terima kasih
arigatô
takk
dakujem
grazie
merci
мерси
ευχαριστώ
감사합니다
ありがとう
tapadh leat
hvala
mauruuru
sagolun
Supas